دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

# دواڕۆژ

٢٠٢٥/١١/١٧ - ٢٦ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٣٨

dwaroj.net

**بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵە**



٣

**لاوان هێزی بزوێنەری شۆڕشەکانی کوردستان...**



٥

**لەدایکبوونی گۆڕانکاری: ڕێگا بەرەو ئازادی**



٦

## سەروتار

### یەکگرتوویی،پێویستێکی هەنووکەیی

**عەزیز ئاجیکەند**

.ئاستی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاردانەوە جیهانییەکان بە دوای شکستی ستراتیژی و بە بنبەست گەیشتنی ئیدیۆلۆژی و سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەرفەتێکی بێوێنەی لەبەردەم زلهێزەکانی جیهان و ڕکابەرەکانی ناوچەییدا دانا تا هەنگاوی ڕەساتر بۆ گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەڵبگرن. گوشار و سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ناوچەیی کۆماری ئیسلامیی، سنووردار کردنی بەرنامە مووشەکییەکەی و دامەزراندنی میکانیزمێکی چاودێری هەمیشەیی، وێڕای سنووردار کردنی سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی و کەم بوونەوەی بڕشت و کاریگەریەتی، کۆماری ئیسلامیی بە تەواوەتی وڕوکاس و بێ هەناسە کردووە. چەقبەستوویی دانوستانە ئەتۆمییەکان و نەسازانی ئێران و سوور بوونی لە سەر پێشێلکارییەکان و بەردەوام بوونی لەسەر پیتاندنی ئۆرانیۆم و ئەگەری ڕوودانی شەڕی دووهەم بەکردەوە کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ کێشەی جیددی ڕووبەڕوو کردوە. ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لە پەیوەند لەگەڵ پرسی کورد جێگای وردبوونەوەی زیاترن. کوردستان لە ناو چەقی گۆڕانکارییەکانی ئەم ناوچەیە دەتوانێ لە قۆناغی ئێستادا بەرەو چارەنووسێکی دیکە هەنگاو بنێ لەبەر ئەوەی دووژمنەکەی لەگەڵ سواویی دەسەڵات و کۆتایی تەمەن و قوڵترین قەیرانەکان و ڕابەرێکی داماو و سپای پاسدارانێکی لەبەریەک هەڵوەشاو و لایەنگرانێکی سەرلێشێواو ڕووبەڕوویە. ناکۆکییەکانی ناو لوتکەی دەسەڵات ڕۆژبەڕۆژ قووڵتر دەبنەوە. تەنانەت لایەنگرانی هاتنەوە و چالاک بوونەوەی گوتاری چاکسازیش ناتوانێ تەمەن بۆ ڕژیم بکرن. لاواز بوون لە دەسەڵات و ناهۆمێد بوون بە چارەسەر کردن، کۆماری ئیسلامیی بەکردەوە بەرەو لێواری بەربوونەوە پاڵ پێوەناوە.

ئەمڕۆ کوردستان وەک هەمیشە مەکۆی شۆڕش و سەنگەری خەبات و تێکۆشانە و ترپەی دڵی هەموو شۆڕش و بەرخۆدان و ململانێیە کۆمەڵایەتییەکانە. لەم مەڵبەندەدا بەستێنی شۆڕش و هەستانەوە و خرۆشی جەماوەری بەهێزە و لە لووتکەدایە و ئاگری قینی و تووڕەیی جەماوەر بە دژی دیکتاتۆریەتی کۆماری ئیسلامیی نەک نەوەستاوە بەڵکوو بەردەوام لە هەڵکشاندایە.

کوردستان بە کردەوە وێڕای ئەوەی پێگەی خۆی لە هەموو مەیدانەکاندا پاراستووە، بۆتە جەمسەرێکی گرنگیش بۆ خەبات و تێکۆشان و هەروەها ڕەمزی شۆڕش بە پانتایی هەموو ئێران. چڕکردنەوەی سەرکوتی کوردستان و میلیتاریزەکردنی خەڵکەکەی نەک کەم نەبووەتەوە بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیادبووندایە. کوردستان بە دوای شۆڕشی ژینا، پێی نایە قۆناغێکی تایبەتی و شۆڕشگێڕانەوە. قۆناغێک کە بە کردەوە هاوسەنگی هێزی گۆڕی. لەو قۆناغەدا، ناڕەزایەتی و شەڕ

...بۆ ل ٢

# ڕەگمان بە جەستەی خاکدا ڕۆچووە




بڵاوکردنەوەی فایلی دەنگیی ئەمیر کەریمی هاوسەرۆکی ئەمڕۆی پژاک، کاردانەوە و قسەوباسی زۆری لێکەوتووەتەوە و ژمارەیەک لە حیزبەکان هەڵوێستی فەرمیی خۆیان لە ئاستی دربڕیوە، ئەمەش مەجلیسی پژاکی ناچار بە بڵاوکردنەوەی بەناو ڕوونکردنەوەیەک کردووە کە بە پێچەوانەی ئیدعای ڕاگەیاندنەکە، هیچ خزمەتێک بە یەکڕیزیی و تەبایی ناکات و لە ڕاستیدا نە ڕوونکردنەوە، بەڵکوو دەبوو ئەو قسانە لە لایەن پژاکەوە ڕەت و مەحکووم بکرابا (کە ئێستایش درەنگ نەبووە) و لە لایەن ساحێب دەنگەکە واتە ئەمیر کەریمیەوە داوای لێبوردن بکرێت.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هەر لە دەسپێکی ئاشکرا بوونی ئەم فایلە دەنگییەوە، لەگەڵ بەرپرسانی پژاک پێوەندیی گرت و داوای ڕوونکردەوەی لێیان کرد و هەروەها بۆ کەم کردنەوەی زیانەکانی ئەو شێوە لە چەواشە کردنەی مێژوو لە ژوورێکی کلاب هاوسدا بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی نوێ و دێرینی کوردستان، وێڕای بەرگری لە مێژووی پڕ لە شانازی کۆمەڵە تیشکمان خستە سەر زیانەکانی ئەم جۆرە گوتارانە و داوامان لە پژاک کرد و چاوەڕوان بووین کە ڕوونکردنەوەیەک بدات و تێیایدا ئەو بۆچوونانە ڕەت بکاتەوە و ئەو کەلێنەی کە ئەو فایلە دەنگییە لە نێوان هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکیهێناوە، چاک بکرێتەوە، بەڵام مەخابن لە ڕوونکردنەوەکەی پژاکدا وەڵامی ئەو پێویستییەی نەدایەوە و بە شێوەیەک ئەوانەی ڕابردووی دووپات کردەوە، هەر بۆیە بە پێویستمان زانی لێرەوە دیسان هەڵوێستی خۆمان بۆ خەڵکی کوردستان دەر ببڕین.

هەڵوێستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وەکوو یەکێک لە حیزبەکانی خاوەنی ئەو مێژووە کە هێرشی ناڕەوای کراوەتە سەر، بەرانبەر ئەو فایلە و ڕاگەیاندنی مەجلیسی پژاک لەم خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە:

١. ڕەخنەی توند لە زانیاریی هەڵە و چەواشەکارییە مێژووییەکان سەبارەت بە کۆمەڵە وەکوو حیزبێکی شۆڕشگێڕ، نۆرم شکێن، چەپ و پێشکەوتوو و دەور و نەخشی حاشالێنەکراوی لە کوردستان. ڕچەشکێنیی و نوێخوازیی و بوێریی کۆمەڵە لە هەوڵ بۆ چارەسەری پێشکەوتووانەی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان، چوونە شەڕی دواکەوتوویی و پیاوسالاریی و بەستێن سازکردن بۆ هاتنە مەیدانی بەرینتری ژنانی شۆڕشگێڕ لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا، هەوڵ بۆ گۆڕینی سیستەمی ناعادڵانە و نایەکسان، دانانی بناغەی خەباتی مەدەنیی جەماوەریی، ناسینی ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە و هەڵوێستی ڕوون بەرانبەری، پشتیوانی کردن لە شۆڕشی کوردستان لە هەموو بەشەکانی، دەرهێنانی سیاسەت لە پاوانی چینێکی تایبەت و کردنی بە ئەمری جەماوەر، پەروەردە کردنی پێشمەرگەی هاوخەم و هاوپشتی خەڵک کە بەدرێژایی مێژووی چالاکییان جێی متمانە و ڕێز و خۆشەویستیی جەماوەر بوون و دانانی بناغەی کولتوورێکی ئەڤانگارد و پێشکەوتوو لە کۆمەڵگە و خەباتی سیاسیی و پێشمەرگانەدا بەشی جیانەکراوەی پێناسەی کۆمەڵەن.

٢. ئەو فایلە دەنگییە لەبەر ئەوەی زمانێکی سێکسیستی و باوک/پیاوسالارانەی تێدا بەکار براوە، لەگەڵ ئاستی سیاسیی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتەبایە و جێگەی ڕەخنەی توندە.

٣. ڕەخنە لە شێوازێک لە حیزبایەتی و کولتووری خوڵقاوی لەو شێوازە کە لەو فایلەدا زەق و بەرچاوە و بەداخەوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا نموونەی کەم نییە. کە تێدا هێرشی ناڕەوا و دوژمنکارانە و هەوڵ بۆ نکۆڵی لێکردن و سڕینەوەی لایەنی بەرانبەر جێگەی ڕەخنەی گرتووەتەوە و ڕێگەی لە دیالۆگێکی بنیاتنەر گرتووە. ئەم کولتوورە لە شەڕی ناوخۆیی و لە دابڕانەکانی نێو حیزبەکاندا گەیشتووەتە باڵاترین ئاست واتە دەست بردن بۆ چەک و هەوڵ بۆ سڕینەوەی فیزیکیی لایەنی بەرانبەر یان هاوڕێیانی پێشوو. خۆ بە تاکە لایەنی بەرحەق و ڕەوا زانین و خۆ بە تاکە حیزب یان تاکە بیری درووست زانین تەنانەت لە دواڕۆژی ڕزگاری لە داگیرکاریش، بەرەو دیکتاتۆریمان دەبا.

٤. ئەو شێوازە لە قسەکردن لە سەر حیزبەکانی دیکە کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ڕای گشتیی کوردستان هەیە و هاوکاریی حیزبەکان دەخاتە مەترسییەوە و هیوای

...بۆ ل ٢

## درێژەی سەروتار

و بەرەنگاربوونەوەی شەقام بە کردەوە شکڵ و شێوازێکی ئەمڕۆیی و پێشکەوتنخوازانەی بە خۆیەوە گرتووە. ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕواڵەتی سیاسی و ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردستانی بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕیوە و هەنگاو بە هەنگاو بردویەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە.

مێژووی هەموو خەبات و تێکۆشان و لێک تێگەیشتنەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کوردستان مەیل و خواست و هێز و پۆتانسیەلی ئەوەی تێدایە ببێتە خاوەنی ناوەندێکی بەهێز و یەکگرتوو. ئەمڕۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە پاڵپشتی جەماوەر دەتوانن بەردی بناغەی وەها ناوەندێک کە بتوانێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی شۆڕش لەکوردستان بگۆڕێت دابنێن. هەنوکە نەبوونی ئەو کۆدەنگیە خاڵی هەرە لاوازی و بنەڕەتی بزووتنەوەی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان پێکدێنێت.

ئێمە بەردەوام ئاڵاهەڵگری یەکگرتوویی بووین و هەین و لەم پەیوەندییەشدا هەوڵی چڕوپڕی دڵسۆزانەمان داوە. ئێمە بۆ خوڵقاندنی دۆخێک تێکۆشاوین و بەردەوام تێدەکۆشین کە تێدا حیزبە کوردستانییەکان لێک نزیک بنەوە و بە تێگەیشتنێکی ئەمڕۆیی هەوڵ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی پتەو بدەن. ئێمە هەر زۆر زوو هەستمان بەوە کرد کە تاکە ڕێگا بۆ وەسەرخستنەوەی وزە و توانایەکانی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان لە دژی کۆماری ئیسلامیی، دامەزراندن، یان خۆ پێکهێنانی «کومیتەیەکی هاوبەشی»ە

ئەم هەنگاوە دەتوانێ هەم خەبات دژی دوژمنی سوێندخواردوومان ڕێک بخات و هەم کێشە و کەلێنە نێوخۆییەکان پڕ بکاتەوە و بیانداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەزموونەکانی شۆڕشی کوردستان نیشانی داوە کە یەکێتی و یەکڕیزی دەتوانێت زامنی سەرکەوتن بێت و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵک، بەهێزتر بکات. هەنوکە کوردستان زیاتر لە هەمیشە پێویستی بە یەکێتی ڕیزەکانی کورد بەگشتی و هاوکاری و هاودەنگی حیزب و لایەنە سیاسییەکان هەیە. شۆڕش و بەرخۆدانەکانی تا ئێستا ڕەوتی لاوازبوونی حکوومەتی ئیسلامیی خێراتر کردووەتەوە و بۆ جارێکی دیکە دۆسیەی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی بەڕووی کۆمەڵگەی کوردستان کردووەتەوە.

لە ئاستی ئەم ڕەوتە و بۆ وەڵامدانەوە بە پرسە سەرەکییەکانی پرۆسەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی و ئەگەرەکانی بەردەم، دەخوازێت چالاکتر لە جاران هاوکاری یەک بین بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی ئەمڕۆی کوردستان.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئێمە بۆ ساتێکیش نەوەستاوین و بەردەوام بۆ بە کردەوە دەرهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە تێکۆشاوین. لە داهاتووشدا ماندوو نابین و هەوڵ بۆ بە یەکگرتوویی نێو ماڵی کورد لە کوردستان دەدەین.

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگای کوردستانیش بە گشتی و بە تایبەتی کۆمەڵگای مەدەنی و جەماوەری هاوکارێکی باش و نزیک بن لەگەڵ کۆمەڵە بۆ چەسپاندنی ئەو گوتارە و بە سەرەنجامگەیاندنی.

**بۆ پێشەوە**

درێژە لە لاپەڕی یەکەوە

# ڕەگمان بە جەستەی خاکدا



یەکگرتوویی حیزبەکان لای خەڵکی کوردستان لاواز دەکات و بڕوای خەڵکی کوردستان بە داهاتوویەکی هێمن و پێشکەوتووانە پاش کۆماری ئیسلامی کە لە سەر بنەمای پلۆرالیزم و دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات دامەزرابێ، کز دەکات و لە زەرەری بزووتنەوەی کوردستانە.

٥. ڕاگەیاندنەکەی مەجلیسی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان سەرەڕای ئەوەی پێداگری لە سەر هاوکاریی و کاری پەیوەندیی لە سەر بنەمای متمانە و ڕێز

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هیواداره و هەوڵ بۆ ئەوە دەدات هەموو لایەنێکی بەرپرس و هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەزموون وەرگرتن لە ئەو ڕووداوە تاڵانەی لە ساڵانی ڕابردوودا خەساری گەورەی لە بزووتنەوەی کوردستان داوە و هیچ قازانجێکی تەنانەت بۆ حیزبەکانیش نەبووە، بەرژەوەندیی خەڵکی چەوساوەی کوردستان لە سەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبی دانێن. کوردستان ڕەنگاوڕەنگە و وەکوو هەموو وڵاتێکی دیکە مەیل و ویستی جیاوازی تێدایە و هەر لایەن و حیزبێك تەنها دەتوانێ بەشێك لەو ویستانە نوێنەرایەتی بکات و بێگومان دەورانی تاکە حیزب و دەنگی سیاسی بوون بەسەرچووە و تەنها هاوکاریی و هاوپشتیی و یەك گوتاریی دەتوانێ دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کوردستان بپارێزێ و پەرەیان پێبدات و بزووتنەوەکە بەرەو پێشکەوتن و سەرکەوتن ببات.**

هاوبەشی ئەم پارتە لەگەڵ باقی حیزب و لایەنە کوردستانیەکان لە ساڵانی دوایی و چالاکیی خۆی دەکا، هەنگاوێکی ئەرێنی و بەرەوپێشە، بەڵام ئەو هەنگاوە کورت و بچووکە و لە قەدەر خەسارەکانی ئەو قسانەدا نییە. ڕوونکردنەوە و ڕاگەیاندن لە سەر شتی وا دەبێ هاوسەنگ و لە قەبارەی هەڵەکەدا بێت و بتوانێ ئەو خەسارانەی خولقاندوویەتی دانیان پێدا بنێت و هەوڵی قەرەبووکردنەوەیان بدات پڕاک بۆ ئەوەی پابەند بوونی خۆی بە و دوور لە خۆسەپاندن و ئەوەی دی سڕینەوە بسەلمێنێ، پێویستە بوێرانە و ئاشکرا ڕەخنە لەو قسانە بگرێ و ڕاشکاوانە ڕایبگەینێت کە ئەو شێوازە لە ڕوانین و ئەو جۆرە چەواشەکارییە مێژوویی و سیاسییانە ناکاتە بنەمای پەیوەندیی و کاری هاوبەش.

٦. ئەو کەسانەی بە زمانێکی سیاسی و ئەوڕۆیی ڕەخنەیان لەو قسانە و ڕاگەیاندنەکەی پڕاک گرتووە، پشتیوانی ڕۆحی پێکەوە ژیان و دابینکردنی بەستێنی هاوکارین و لە سۆنگەی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە ڕوانیویانەتە بابەتەکەوە. هێرشی تاکەکەسی و بەکارهێنانی هەمان شێوە و زمانی بەکارهاتوو لەو فایلەدا بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵی یان بەرگری لە ناوەرۆکی ئەو فایلە بە شێوەیەکی دەمارگرژانە و هەستەکی و بێ لێکدانەوەی سیاسی و تەنها لە ڕوانگە و بە چاوی حیزبییەوە، هیچ خزمەتێک بە بزووتنەوە و نیشتمان ناکا و گرژیی و ئاڵۆزیی زیاتر دروست دەکا و لە دۆخی هەستیاری ئەمڕۆدا بزووتنەوەی کوردستان هەرچێ زیاتر پرشوبڵاو و لاواز دەکات.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هیوادارە و هەوڵ بۆ ئەوە دەدات هەموو لایەنێکی بەرپرس و هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەزموون وەرگرتن لە ئەو ڕووداوە تاڵانەی لە ساڵانی ڕابردوودا خەساری گەورەی لە بزووتنەوەی کوردستان داوە و هیچ قازانجێکی تەنانەت بۆ حیزبەکانیش نەبووە، بەرژەوەندیی خەڵکی چەوساوەی کوردستان لە سەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبی دانێن. کوردستان ڕەنگاوڕەنگە و وەکوو هەموو وڵاتێکی دیکە مەیل و ویستی جیاوازی تێدایە و هەر لایەن و حیزبێک تەنها دەتوانێ بەشێک لەو ویستانە نوێنەرایەتی بکات و بێگومان دەورانی تاکە حیزب و دەنگی سیاسی بوون بەسەرچووە و تەنها هاوکاریی و هاوپشتیی و یەک گوتاریی دەتوانێ دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کوردستان بپارێزێ و پەرەیان پێبدات و بزووتنەوەکە بەرەو پێشکەوتن و سەرکەوتن ببات.

# بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵە



**(بەشی یەکەم)**

بایەخ و سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕوانین و ڕێبازی کۆمەڵە
بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەو بایەخ و بیر و تێڕوانینانەیە کە بنەمای سیاسەتەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانن.
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە شێوازی ڕوانینی چەپ و سوسیالیستیە، هەر بۆیە بناغەی بیر و خەبات و چارەسەرەکانی بۆ هەموو ستەمەکانی سەر نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان لەو ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرێت. سیاسەتەکانی کۆمەڵە لەسەر بنەمای مافی ئینسان بۆ سەربەستی، بڕیاردان لەسەر هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیی بە ژیانی سیاسی و ئابوورییانەوە هەیە، ژیانێکی شیاوی گونجاو لەگەڵ دۆخی سەردەم، یەکسانیی بایەخی مرۆڤەکان و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان دانراوە.
ئاواتی لەمێژینەی مرۆڤ بۆ ئەوەی بگاتە کۆمەڵگەیک کە تێدا ژێردەستەیی، چەوسانەوە، هەڵاواردن و نایەکسانی نەمێنێت و ئینسان تێدا بتوانێت سەربەست و ئازاد بێ، هێشتا نەهاتووەتە دی. مێژووی مرۆڤ پڕە لە خەبات بۆ گەیشتن بەو ئاواتە و ئامانجانە. کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی پڕ لە هەوراز و نشێو و قوربانیدان و دەسکەوتی لەو ڕێگەیەدا هەیە و کۆمەڵە وەکوو حیزبێکی کوردستانیی چەپ خاوەن ئەزموون و مێژوویەکی دیار و بەرچاوە و هەر بەو پێیەش کاریگەریی لەسەر مێژووی خەبات لە کوردستان بووە و ئەرکی تایبەتی لەو خەباتە دەکەوێتە سەرشان.
ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە چەند دەیەی ڕابردوودا، گۆڕانکاریی بەرچاوی لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستاندا پێکهێناوە. کۆمەڵە لە دوای ڕووخانی ڕژیمی داگیرکەری پاشایەتی کاریگەریی لە سەر بواری کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیانی خەڵک لە کوردستاندا هەبووە و ئاڵاهەڵگری دەستەبەرکرانی مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و بەکردەوە بەشێکی شێلگیر و پێشکەوتنخواز بووە لە خەبات بۆ ڕزگاریی خەڵکی کوردستان و هاوکات خەباتی شێلگیرانەی دژ بە چەوسانەوەی ستەملێکراوان و چینە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا کردووە و پەرەپێدەری فەرهەنگی چەپ و سوسیالیستی بووە. خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ناوی کۆمەڵە تێکەڵە و کۆمەڵە خەباتکاری بەرچاوی ئەو مەیدانە بووە و گەلێک سوننەتی نوێ و پێشکەوتووانەی لە کۆمەڵگادا جێگیر کردووە.
ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکان و قووڵتربوونەوەی کەلێنی چینایەتی لە ئاکامی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر کوردستاندا، لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە، گەشەی وشیاری و مافخوازیی نەتەوەی کورد، لە هەموو کاتێک زۆرتر حوزووری چەپێکی دیموکرات و سوسیالیستی بۆ ڕزگاریی خەڵکی کوردستان لە دەست ستەمی نەتەوەیی و هەوڵ بۆ دامەزراندنی سیستەمێک لە سەر بنەمای دادوەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دابینکرانی ژیانێکی شیاو بۆ چین و توێژە چەوساوەکان کردووەتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر. کوردستانی ئەمڕۆ کۆمەڵگایەکی لێکئاڵاوتر، ڕێکخراوتر و مۆدێرنترە و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی لەو بوارانەدا بەخۆیەوە بینیوە. ئەوڕۆ بەشێکی بەرچاوی جەماوەر و ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد، بەستێنێکی لەبارتر بۆ دەستەبەرکرانی مافە دیموکراتیک و مرۆییەکانیان بەدی دەکەن و بە مافی خۆیانی دەزانن کە ئیرادە و بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی سیاسییان لە دەستی خۆیاندا بێ و ئەمە بە پێویستییەک دەزانن بۆ ئەوەی ڕەوتی دیموکراسی و مافخوازی لە کۆمەڵگادا بەهێزتر بێ.
بەرینایییەکی گەورەی کوردستان کە پێشتر لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا لاکەوتە و پەراوێزنشین کرابوو، ئێستا لە سەنگەرە هەرە ئاوەدانەکانی شۆڕشی کوردستانە. قووڵبوونەوە و بەرینبوونەوەی خەباتی نەتەوەی کورد وای کردووە چارەسەری یەکجاری و دیموکراتیکی مەسەلەی کورد و کۆتاییهێنان بە داگیرکەری، هەڵاواردنی ئابووری و ڕەگەزی و دیکتاتۆری ببێتە ئامانجێکی تاکتیکی و ستراتیژیک بۆ هەر ڕەوتێکی چەپ و سوسیالیستیی کوردستانی.
بۆ کۆمەڵە کە لە مێژووی خەباتیدا گەلێک نموونەی بەرچاو لە هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ جەماوەر و وەرگرتنی ڕەوایی و هێز و پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان بەدی دەکرێت ئەم مەسئەلەیە گرنگیی تایبەتی هەیە. نموونەی دیاری ئەو شێوازە لە خەبات کە پشتی بە هێزی جەماوەر بەستووە، کۆچی مێژوویی مەریوان بە پێشەنگایەتیی کاک فواد موستەفاسوڵتانی ڕێبەری بزووتنەوەی کوردستان و کۆمەڵەیە، کە شکۆدارترین خەباتی مەدەنیی جەماوەری لە کوردستان بوو بەرامبەر بە هێرشی ٢٨ی گەلاوێژ و هەوڵی دووبارە داگیرکردنەوەی کوردستان لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێران. کردەوە جەماوەرییەکانی کۆمەڵە لە سەردەمی ڕاپەڕین و ساڵەکانی دوای دەسپێکردنی خەباتی ئاشکرای لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییدا، کە کۆمەڵەی کردە بەشێکی سەرەکیی خەباتی سیاسی و جەماوەری، توانی کولتوور و ئاواتی نوێخوازی هەم لە ناوەڕۆک و هەم لە شێواز و هەم لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردستاندا لە ڕەوتێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا ڕێک بخات و کۆمەڵە بکاتە نوێنەری ئەم دەورەیەی وەها ڕەوتێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئێستاش، کۆمەڵە دەتوانێت بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی خۆی، بە نوێکردنەوەی خەتی سیاسی و بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگا و بە ڕەخنەی گونجاو و ڕوون لە ئەزموونەکانی ڕابردووی، ببێتەوە جێگای هیوای جەماوەری بەرینی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان و لە هەلێکی مێژوویی دیکەدا کە ئەمڕۆکە لە ئاکامی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا ڕەخساوە، خەباتی ئەم نەتەوەیە بۆ دەستبەر کردنی مافە ئابووری و سیاسییەکانی ڕێک بخات و ڕێبەرایەتی بکات.
شۆڕشی ژینا ئاکام و دەسکەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانە بوو کە لە دەیەکانی ڕابردوودا لە کۆمەڵگای کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە و توانی هێزی بەرینی جەماوەر بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی داگیرکەری دواکەوتوو بێنێتە مەیدان و، ڕێباز و بیری کۆمەڵە بەشێکی گرنگی بنەمای ئەو نوێگەرییە بووە. کارتێکردنی ئەم شۆڕشە لەسەر ڕوانین و خەبات بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی، خەباتی دادپەروەریخوازانە، خەباتی کۆمەڵایەتی، بەرزکردنەوەی بایەخە ئینسانییەکان، بەرینکردنەوەی ئازادیخوازی، چەسپاندنی ڕۆڵی گرنگی ژنان لە هەموو مەیدانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکاندا و بینرانی ڕەنگە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی کوردستان حاشاهەڵنەگرە. لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئەو شۆڕشە بەدوای خۆیدا هێناویە و ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی لە کۆمەڵگا و لە ڕوانینی گشتی بۆ مافخوازی و کاری سیاسیدا ڕوویانداوە، بەستێنێکی بەرینتر و ئامادەتر بۆ گەشەی بیری ڕزگاریخوازانە و ڕوانینی پێشکەوتوو و دیموکراتیک ڕەخساوە.
هاوکات شۆڕشی ژینا کارتێکردنێکی بەرچاو و قووڵی لە سەر شێوازی کاری حیزبی و چالاکیی سیاسیی ڕێکخراو هەبووە و پێداچوونەوە و خۆ نۆژەنکردنەوە و خوێندنەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵگای کردووەتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر. بەو پێیەش داڕشتنی سیاسەتی شیاو بە پێی دۆخی نوێی کۆمەڵگای کوردستان لە پاش و لەژێر کاریگەریی ئەم شۆڕشەدا ئەرکێکی سەرەکیی هەر حیزبێکی سیاسیی چالاک لە کوردستانە.

## جیاوازی و کێشەکانی نێوان سیستەمی پەروەردە لە ئێران و سیستەمەی پەروەردەی وڵاتانی ئۆرووپا



سارا ڕۆستەمی

سیستەمی پەروەردە و فێربوون لە هەر وڵاتێکدا ئەگرێتەوە بۆ دابینکردنی شێوەی فکری، کۆمەڵایەتی، کەلتور، سیاسەت و کێشەی ئابووری ئەو وڵاتە. گرنگترین جیاوازیەکان بریتین لە:
١. شێواز و چوارچێوەی فێربوون
٢. ئازادی مامۆستایان
٣. کەرەسە و شێوازی فێرکردن
٤. کۆرسی خوێندن و بەرنامەی وانەکان
٥. چارەسەرکردن کومەڵایەتی و تەندروستی خوێندکاران
٦. تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتن
لە ئیران زیاتر شێوازی پەروەردە و فێربوون لەسەر بابەتی کەلتووری و ئایینی دامەزراوە. گەورەترین ڕۆڵی سیستەمەکە گرنگی دان بە بەشی ئیدەئولۆژی و ڕەخنەکردنی تایبەتی کومەڵگای ئیرانە. مافی قوتابی لە سەر مەسایلی دینی پێشێل ئەبێت. لە ئێران قوتابیان زۆرتر لەسەر خوێندن و بیرکردنەوەی دەق و پەیوەندیدان بە تاقیکردنەوە پشتگیری دەکرێن. کارگە، پرۆژە، کارکردنی تیمی و ڕابەری تایبەتی زۆر کەمە. لەحاڵێکدا لە وڵاتانی ئەورووپا سیستەمەی پەروەردە بە ئەم شتانە گرنگی دەدات:
- پرۆژە و تاقیکردنەوەی تایبەتی
- زانستی ڕاستەوخۆ و ئەزموونی کارگە
- بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (Critical Thinking)
- سیستەمەی کاردانەوە (Feedback)
- توانایی کومەڵایەتی (Social Skills)

بارودۆخ و کێشەکانی سیستەمەی پەروەردە لە ئیران بریتین لە: قەیرانی تەکنۆلۆژی و کەمبوونی شارەزا لە بەشی فێرکاری و ڕاهێنان. ناچالاکی قوتابیان لە پرۆژە و کاری پەروەردە. کۆنترۆڵ و سانسۆری زۆر. بەرزبوونی فشاری دەرسی بەتایبەت بۆ بەربژێرەکانی تاقیکاریی زانکۆ.
لە بەرانبەردا چالاکی و سەرکەوتنی وڵاتانی ئەورووپا بە هۆی ئەم خاڵانەوە جیاوازە لە وڵاتی ئیران: کاری تیمی و پرۆژەکارکردن. سیستەمی کاردانەوە یانی فیدبەک (Feedback). ڕێژەی کەمتری سانسۆڕ و بەرگێری. گەشەی کەلتووری کەسایەتی. تۆڕی دیجیتاڵی و پەروەردە بە فێرکاری. یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی دیکە یاسا و دیموکراسی پەروەردەی ئێران لە چوارچێوەی حکومەت کاردەکات و ئازادی قوتابی و مامۆستا سنووردارە. بەپێچەوانە لە ئوروپا سیستەمی پەروەردە لە سەربناغەی و چوارچێوەی ئازادیی و دیموکراسی دامەزراوە. قوتابی دەتوانێت پەیوەندی بە ڕەزامەندی پشتبەستنی مرۆڤی بکات.
سیستەمەی پەروەردە ئیران لە ماوەی چەند دەیەی ڕابڕدووەوە، لە ناوچەکانی جیهان، بە تایبەت لە ئەورووپا بە جۆری جیاواز هەڵسەنگاندراوە. زۆر لە پەروەردەناسان ئەورووپی باوەڕیان وایە کە ئەم سیستەمە بە شێوەی گشتی ناکارامەیە، بەهۆی کوێرکردنی ستراتیژی نوێکاری، ئەندامبوونی سیاسی و... جاودێری کردنی بەرچاوی حکومەت و کەمبوونی خۆڕاگەیاندنی قوتابخانەکان بووتە هۆکاری ناچالاک بوونی جۆرەکانی توێژینەوە و خۆهەڵسەنگاندن. لە بەر ئەوەی جەختی ڕژیم لەسەر بەرنامەی فێرکاری تارانە بەو بۆنەوە دەرچوونی دیکەی ناوچەکان زۆر کەمترە. زۆرینەی پەروەردەناسە ئەورووپییەکان ڕەخنە دەگرن لە سەرئەوەی سیستەمی پەروەردە لە ئیران بەشێوەیەکی بەرچاو سیاسی کراوەتەوە. مافەکانی مامۆستایان، خوێندکاران و زانکۆکان کە چوارچێوەی ئایدێولۆژیکی حکومەت سنووردار کراون. ئەمە بووەتە هۆکاری ڕاوەستنی بەرەو پێشچوونی فکری و توێژینەوە. بەپێ هەندێک لێکۆڵینەوەی ئەورووپی، خوێندکارانی ئیران زۆرجار دوای قۆناغی دەرچوون لە زانکۆ یا قوتابخانە، بازاڕی کارێک کە لە گەڵ تواناکانیان ناگونجاوە دەس دەکەوێ.
کۆبەند:
لەپێناوی هەموو ئەم هۆکارانەدا، زۆربەی پەروەردەناسان ئەورووپی سیستەمی پەروەردە لە ئیران ناکارامە دەزانن. لە گەڵ ئەوەدا، زور لە ئەوان باوەڕیان وایە کە ئەگەر سیستەمەکە بچێتە سەر بنەمای ئازادی عیلمی و نوێکاری، توانای گۆڕینی هەیە.

# کارەساتی یاسایی



ڕۆژین کەرەم‌وەیسە



پەسەندکردنی "یاسای زیادکردنی سزای سیخوڕی و هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی زایۆنی و وڵاتانی دوژمن لە دژی ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەیی" جارێکی دیکە نیشانی دا کە لە کۆماری ئیسلامیدا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی پرەنسیپێکی یاسایی نییە، بەڵکو چەکێکی بەتاڵە کە دەسەڵاتی سیاسی بۆ سەرکوتکردنی هەر جۆرە ناڕەزایەتی و چالاکیەکی مەدەنی، کلتووری، میدیایی و تەنانەت ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەکاری دەهێنێت. یاساکە کە بە ڕواڵەت بەرەنگاربوونەوەی «سیخوڕی» داڕێژراوە، لە ڕاستیدا پڕە لە قسەی ناڕوون و حوکمی توندڕەو و زەوتکردنی دەسەڵات لە دادگاکان و توندکردنەوەی سزای لەسێدارەدان و فراوانکردنی بازنەی «تاوانبارکردن» لە هەموو چینەکانیدا؛ تا ئەو ڕادەیەی کە نە لە بەرژەوەندی ئاسایشی وڵاتدایە و نە بچووکترین پابەندبوونی بە ستانداردەکانی مافی مرۆڤ و دادگاییکردنی دادپەروەرانە هەیە ئەم یاسایە بە ڕواڵەت پەیوەستە بە شەڕ و هەڕەشە دەرەکیەکانەوە، بەڵام پێکهاتە و زمانەکەی زیاتر هاوشێوەی ئەو یاسایانەن کە بۆ فراوانکردنی کۆنترۆڵی ناوخۆیی نووسراون. کاتێک سزای لەسێدارەدان بۆ هەموو جۆرەکانی زانیاری، میدیا، ئەلیکترۆنی، چالاکییە کولتوورییەکان و تەنانەت بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن وەک ئینتەرنێتی ماهوارەیی لەبەرچاو دەگیرێت، ئیتر باسەکە لەسەر «سیخوڕی» نییە؛ بەڵکوو پێناسەکردنەوەی شارۆمەند وەک تۆمەتبارێکی هەمیشەییە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نۆ مانگی ڕابردوودا ڕووبەڕووی شەپۆلێکی قورسی لەسێدارەدان بووەتەوە و شارەزایانی مافی مرۆڤ لەم ڕەوتە هۆشدارییان داوە. بەڵام دەرکردنی ئەم یاسایە نەک هەر ئەم نیگەرانیانە کەم نەکردەوە، بەڵکو نیشانی دا کە ئامانج بەدامەزراوەییکردن و بە یاساییکردنی ئەم ڕێگایە. تەنانەت پارێزەرانی ناوخۆیی بەرامبەر بە پانتایی بەرفراوانی تاوانبارکردن و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان ناڕەزایەتیان دەربڕی بەڵام پرۆسەی یاسادانان لە ئێران لە مێژە ملکەچی پێوەرە زانستی و یاساییەکان نەبووە، بەڵکو کەوتۆتە ژێر «ئیرادەی سیاسی» هەر لە یەکەم مادەی یاساکەدا دووجار سزای لەسێدارەدان بۆ «کردەوەی ئۆپەراسیۆن» و «چالاکی هەواڵگری» بەبێ هیچ جیاوازییەکی ورد و دیاری کردنی ئاست سەپێنراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ پێناسەیەک بۆ «کردەوەی ئۆپەراسیۆن» دیاری نەکراوە کە نموونەکان بە شێوەیەکی ڕوون و سنووردار بناسرێتەوە؛ تەنیا دەستەواژەی گشتی وەک «بەرهەمهێنانی ترس و دڵەڕاوکێ» یان «تێکدانی ژێرخانەکان» پێشکەش دەکرێن کە لە سیستەمی قەزایی ئێراندا هەمیشە بە شێوەیەکی بەرفراوان و بە زیانی تۆمەتبار لێکدراوەتەوە. کاتێک دادگای ئینقلاب – دامەزراوەیەک کە بە پێشێلکردنی بنەماکانی ڕێکاری یاسایی ناسراوە – دەسەڵاتی دادوەری بێت، ئەم ناڕوونییانە دەبنە ئامرازێک بۆ دەرکردنی سزای قورس لە ئاستێکی بەرفراوان لە ماددەی دووهەمدا، تەنانەت «یارمەتی ناڕاستەوخۆ»ش بە ئاسانی دەتوانێت ببێتە هۆی لەسێدارەدان ئەگەر «ببێتە هۆی بەهێزبوون یان شەرعییەتدان». کوا سنووری نێوان ئەم چەمکانە؟ چی بە «شەرعییەتدان» دادەنرێت؟ کەس نازانێت. بەڵام ئەزموون سەلماندوویەتی کە لە سیستەمی قەزایی ئێراندا پێناسەی «دوژمن»، «دوژمنایەتی»، «پڕوپاگەندە دژی نیزام»، «هاوکاری» و «ئاسایشی نەتەوەیی» نەک بە بنەمای یاسایی بەڵکو بە قازانجی سیاسی دیاری دەکرێت؛ و ئێستا یاساکە بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە «دەسەڵاتی دیاریکردنی دەوڵەت و گرووپە دوژمنەکان» ئەنجومەنی باڵای

**پەسەندکردنی "یاسای زیادکردنی سزای سیخوری و هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی زایۆنی و وڵاتانی دوژمن لە دژی ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەیی" جارێکی دیکە نیشانی دا کە لە کۆماری ئیسلامیدا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی پرەنسیپێکی یاسایی نییە، بەڵکوچەکێکی بەتاڵەکە دەسەڵاتی سیاسی بۆ سەرکوتکردنی هەر جۆرە نارەزایەتی و چالاکیەکی مەدەنی، کلتووری، میدیایی و تەنانەت ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەکاری دەهێنێت. یاساکە کە بە ڕواڵەت بەرەنگاربوونەوەی «سیخوڕی» داڕێژراوە، لە ڕاستیدا پڕە لە قسەی ناڕوون و حوکمی توندڕەو و زەوتکردنی دەسەڵات لە دادگاکان و توندکردنەوەی سزای لەسێدارەدان و فراوانکردنی بازنەی «تاوانبارکردن» لە هەموو چینەکانیدا............**

ئاسایشی نیشتمانییە؛ واتە دامەزراوەیەکی ئەمنی کە بە تەواوی نادادپەروەرانەیە و بە هیچ جۆرێک وڵام دەرەوە نییە جگە لەوەش، مادەی سێ چالاکیی تەکنیکی، ئەلیکترۆنی، تەکنەلۆژی و تەنانەت ئامێرە بچووکەکانی فڕین تا فراوانترین ئاست کۆدەکاتەوە و هەموویان سزای قورس و تەنانەت لەسێدارەدانیش دەخاتە پاڵی. ئەم قەبارەیە لە چەمکە تێکەڵاوەکان– لە چەکی کیمیاییەوە تا کوادکۆپتەر– بە وردی نیشانەی یاسای ناتایبەتمەند و ئەمنییە. یاسا دەبێت چەمکەکان جیاواز بکات، نەک هەموو شتێک بخاتە ناو یەک سەبەتەوە و یەک ڕستە بۆ هەمووان دیاری بکات مادەی چوارەم بە فەرمی دەچێتە ناو کایەی چالاکیی میدیایی و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکەوە، کە تەنانەت «ڕەنگدانەوەی زیانە دەستکردەکان»، «بەرهەمهێنان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست»، ناردنی وێنە، ڤیدیۆ، یان هەر ناوەڕۆکێک بۆ «تۆرە بیانییەکان» یان «میدیای دوژمن»– ئەو چەمکانە کە وەزارەتی ئیتلاعات دەبێت هەر شەش مانگ جارێک لیستێک بڵاوبکاتەوە– هەموویان سزای توندی هەیە، لە زیندانی پلە سێ تا دەگاتە دەرکردنی هەمیشەیی لە کار.

هیچ یاسایەکی مۆدێرن و مرۆڤدۆستانە چالاکیی میدیایی لە ژێر ناوی ئاسایشی نەتەوەیی دانانێت. بەڵام لێرەدا میدیا و سیخوڕی یەکسان کراون؛ و ئەمەش گۆڕینی میدیایە بۆ تاوانێکی ئەمنی کە لە بنەڕەتدا دژایەتی بنەمای ئازادی ڕادەربڕین لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا دەکات لەبیرمان نەچێت کە "مرۆڤ میدیا"_انسان رسانە_ زاراوەیەکی ناڕوون و نایاسایی و پێناسە نەکراوە؛ بەو مانایەی کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەر چالاکوانێکی مەدەنی، ڕۆژنامەنووسێک، چالاکوانێکی سۆشیال میدیا، یان تەنانەت بەکارهێنەرێکی ئاسایی دەتوانێت بکەوێتە ژێر ئەم پۆلە. ئەم ئاستە لە تاوانبارکردنی ناوەڕۆک مەترسیدارترین جۆری هێرشکردنە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی مادەی پێنجەم ڕوون و شۆککەرە: بەکارهێنانی ستارلینک و ئامێرە هاوشێوەکانی بە تاوان دەزانرێت. واتە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی ئازاد لەلایەن خەڵکەوە– ئێستا وەک مافێکی بنەڕەتی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا دیاری کراوە– سزای زیندانیکردنە. ئەم یاسایە بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت کە حکومەت کێشەی نەک تەنیا لەگەڵ ناڕازییەکان، بەڵکو لەگەڵ خودی «پەیوەندی ئازاد» هەیە. لەو شوێنانەی کە ئینتەرنێتی مانگی دەستکرد وەک هەڕەشە پێناسە دەکرێت، لە ڕاستیدا «شارۆمەندی ئازاد» بە هەڕەشە دادەنرێت

مادەی شەشەم ڕێگە بە بەرزبوونەوەی سزا سێ پلە لە بارودۆخی شەڕ و ئەمنی دەدات؛ لە کاتێکدا «دۆخی ئاسایش» چەمکێکی شناوەرە کە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ڕایدەگەینێت. دیسانەوە، دامەزراوە نادادپەروەری و ناشەفافەکان لە کۆتاییدا مادەی هەشت پرۆسەی دادوەریش سنووردار دەکات: کەمکردنەوەی وادەی یاسایی، ڕێگەدان بە ڕاگرتنی کاتی تا کۆتایی لێکۆڵینەوە لە هەموو قۆناغەکاندا، هەروەها ڕێگەدان بە دادگا بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان. ئەمانە پێکەوە بە شێوەیەکی کاریگەر مافی بەرگری و مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و مافی ئازادی لە دەستبەسەرکردنی ئارەزوومەندانە هەڵدەوەشێنێتەوە. دادگای شۆڕش کە لە ئێستاوە کەمترین پێوەرەکانی ڕێکاری یاسایی بەدی ناهێنێت، بەم یاسایە دەسەڵاتی فراوانتر بەدەست دەهێنێت یاسایەکی لەو جۆرە لە هەر سیستەمێکی یاسایی مۆدێرن دا بەرگری لێناکرێت. نە لە ڕووی دەقەوە، نە لە ڕووی پێکهاتەوە، نە لە ڕووی فەلسەفەی یاسای تاوانەوە. یاسا پێویستە بە وردی تاوانەکە پێناسە بکات و سزاکە بە پێی تاوان دیاری بکات و مافەکانی تۆمەتبار مسۆگەر بکات؛ بەڵام ئەم یاسایە نەک هەر بە کەمترین ئاست پابەند نییە، بەڵکو بە فەرمی بووەتە ئامرازێک بۆ شەرعییەتدان بە سەرکوتکردن و فراوانکردنی سزای لەسێدارەدان و کۆنترۆڵکردنی میدیا و سنووردارکردنی ئازادییەکانی پەیوەندیکردن جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بەم شێوەی ئێستای، سێ قەیرانی بنەڕەتی دروست دەکات– ناڕوونی لە پێناسەکاندا، سزای زیادەڕۆیی و تێکدانی پرۆسەی یاسایی. ئەم سێ شکستە کاتێک یەکدەگرنەوە، «ئاسایشی نەتەوەیی» لە چەمکێکی یاساییەوە دەگۆڕێن بۆ ئامرازێکی سەرکوتکردن؛ یەکێک کە نە سەقامگیری دەهێنێت و نە متمانەی گشتی، بەڵکو کۆمەڵگا بەرەو خۆسانسۆری و بێدەنگی پێکهاتەیی دەبات. ئەزموونی وڵاتانی وەک کۆریای باکور و هەروەها سەردەمە توندڕەوەکانی قەزایی لە ئێراندا نیشانیان داوە کە کاتێک یاسا پەیڕەوی دەسەڵات دەکات ، ئەنجامی کۆتایی ئەمنییەتی نییە– بەڵکو چەقبەستوویی سیاسی و ستەمی یاساییە چارەسەرەکە ڕوونە: دووبارە نووسینەوەی بڕگە ناڕوونەکان، نەهێشتنی سزای نەگونجاو، بە تایبەت سزای لەسێدارەدان و گەڕاندنەوەی دادگایی کردن بۆ ڕێگای یاسایی و چاودێریکراو. بەبێ ئەم چاکسازیانە، ئەم یاسایە نەک هەر لە خزمەتکردنی ئەرکێکی ئەمنیدا شکست دەهێنێت، بەڵکو خۆی دەبێتە سەرچاوەی ناسەقامگیری لە کۆتاییدا یاسایەک کە بە ناڕوونی و زیادەڕۆییەوە بنووسرێت، نە پارێزەری ئاسایشە و نە گەرەنتی شەرعییەتی؛ بەڵکو ڕێگایەکە بەرەو دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو نەخشانەی کە جیهانی ئەمڕۆ بە نیشانەی دارمانی سیستەمی یاسایی دەزانێت نەک نیشانەی دەسەڵات

# لاوان هێزی بزوێنەری شۆڕشەکانی کوردستان...



ژیلا ئەحمەدی



وشیاری و عەقلیەتی سیاسی لە نێو لاوانی کوردستان بەردەوام هێمای خەبات بووە، شەوقی لاوی لەگەڵ هەستی ئازایەتی بووەتە خەباتی بەردەوام کە بەشێ لە ژیانی لاوانی کوردستان بووە. بوێری حاشاهەڵنەگەر کە لاوانی هان داوە هەمیشە و بوێرانە لە ڕیزی خەبات بن، لاوان بە هەموو چین و توێژەکان لە زانکۆ بگرە تا قوتابخانە، کرێکار و کوڵبەر بەژن و پیاو لە سەفی ئەوەڵی بزووتنەوەی کوردستان بەشدار بوونە، هەموو کاتێ لە لایەن کۆماری ئیسلامی خەباتی لاوانی کوردستان بە توندووتیژی کێشراوە بەڵام هیچ کات ماندوو نەبوون و بەردەوام وەکوو هێزێ توانا سونەتەکانیان شکاندووە و بەپێچەوانەی هاتنی ڕووبار جووڵاندنەوەیان هەبووە و پێشەنگی بزووتنەوە بوون ئەگەر ئاوڕێک بدەین بە ڕابردوو، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی کۆمەڵە لە کوردستان بەشێ لە لاوان تێگەیشتوو و ڕۆشنبیر وەکوو کاک فوئاد و هاوڕێیەکانی لەتەمەنی لاوی کاتێ لە زانکۆی تاران دەرسیان دەخوێند، گەیشتن بەو ئاستە کە دامەزرێنەری حیزبێ بن کە هەتا ئێستاش هەر لە دڵی خەڵکی کوردستان جێگە و پێگەی خۆی هەیە، دواتریش کە کۆماری ئیسلامی کوردستانی بە تۆپ و تانک داگیرکرد بەڵام هەر لاوانی شۆڕشگێر خەباتیان دەکرد. لەساڵەکانی ١٣٦٠سەدان لاوی شۆڕشگێر وخەباتکار بەدەست کۆماری ئیسلامی گیانیان بەخت کرد، تیرباران کران و زۆربەیان لە زیندانە ترسناکەکان کۆماری ئیسلامی لە ژێر ئەشکنجە گیانیان بەخت کرد و لە سێدارە دران، دوای کۆتایی هێنانی شەڕی عێراق و ئێران لاوان بە شێوازێ تر خۆیان جێگیر و بۆژەن کردەوە. هەرچەند لە زۆربەی شوێنەکان بەتایبەت کوردستان زەبروزۆر و سەرکوتی توند حاکم بوو، تا ئەوەی کە وردە وردە تکنولوژیا، موبایل و ئینترنت ڕێگەی نوێی بۆ لاوان کردەوە، توانیان خەباتی خۆیان بە شێوازێ تر دەست پێ بکەن. لە ساڵی ١٣٧٨ یەکەمین خۆپێشاندان لەسەر شەقامەکان دوای شۆڕشی ١٣٥٧ سەریگرت، ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی لاوانی زانکۆ بوو لەتاران بە هۆی کێشەی کوی زانکو بەشێ زۆر لە خوێندکاران دەستبەسەر کران بەڵام دواتر لە کوردستان بەشێوازێ تر بوو، لەشارەکانی سنە، مەهاباد، سەقز، مەریوان، بۆکان و بانە زۆربەی لاوان لە زانکۆکان و لاوانی قوتابی و هەموو چین وتوێژێک بەشدار بوون ودرۆشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆریان دا. کۆماری ئیسلامی بە گازی فرمێسکێن، تەقەی ڕاستەوخۆ خەڵکی زۆریان کۆشت و دەستبەسەر کرد بەشێکیشی بێ سەروشوێن بوو. ئەمانە نیشاندەرەوەی ئەوەیە کە هەستی لاوانی کوردستان چەندە بەرزە. دواتر دەیبینین کە چەندە جوانیش لە ساڵی ١٣٨٨چۆن هەڵوێست دەگرن و بەرانبەر بزووتنەوەی سەوز کە سەردەمی هەڵبژاردن بوو لە نێوان ئەحمەدی نیژاد و میرحسین موسوی و مێهدی کرووبی و بێدەنگ ئەبن و خۆیان ناخەنە ناو شۆڕشێکی لادەر و ڕیفۆرمخواز چونکە لاوانی کۆردستان ڕۆشنبیرتر و

بوێری حاشاهەڵنەگەر کە لاوانی هان داوە هەمیشە و بوێرانە لە ڕیزی خەبات بن. لاوان بە هەموو چین و توێژەکان لە زانکۆ بگرە تا قوتابخانە. کرێکار و کوڵبەر بەژن و پیاو لە سەفی ئەوەڵی بزووتنەوەی کوردستان بەشدار بوونە. هەموو کاتێ لە لایەن کۆماری ئیسلامی خەباتی لاوانی کوردستان بە توندووتیژی کێشراوە بەڵام هیچ کات ماندوو نەبوون و بەردەوام وەکوو هێزێ توانا سونەتەکانیان شکاندووە و بەپێچەوانەی هاتنی ڕووبار جووڵاندنەوەیان هەبووە و پێشەنگی بزووتنەوە بوون.

ئازاتر لەوە بوون کە فرێوی ئەو باڵماسکەی ڕژیمە بخۆن و دەیان زانی چییان بۆ کوردستان ئەوێت، لاوانی کوردستان کە ساڵانێ لە ژێر دەستی داگیرکەر بوون و خواستەکانیان جیاوازتر بوو ئەوان هیوای ئازادی، دیموکراسی، سکۆلار، یەکسانی ژن و پیاو و مافی نەتەوەی خۆیان دەویست کە لە بەفرانباری ٩٦ خۆی نیشان دا یەکێ تر لەخۆپێشاندانە بەهێزەکان کە لاوانی کوردستان تێدا بەشدار بوون بەهۆی گرانی، بیکاری و گەندەڵی خەڵک ژیانیان دژوار بوو و دووبارە بەهێزتر هاتنە سەرشەقامەکان و دەستیان کرد بە خۆپێشاندان. لەشارەکانی سنە، مەریوان، سەقز، بانە و مەهاباد خەڵک شەقامەکانیان گرت، هاوکات لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئێران، و درۆشمی نان، کار، ئازادییان دا، هەرچەند سەرکوت و بایکوت لە کوردستان زیاتر لە شارەکانیی دیکە بوو. لاوان بەتایبەت خوێندکاران، کرێکاران، قوتابیان و بێکاران لەسەفی یەکەمی ئەم ناڕەزایەتیە بوون و بەرامبەری هەژاری و هەڵاواردنی چینایەتی و ڕەگەزی هاتنە مەیدان. ناڕەزایەتی بەفرانباری ١٣٩٦ هەتاوی کە لە ٧ی بەفرانبار لە شاری مەشهەد بەهۆی گرانی دەستی پێی کرد و کێشرا بە ١٦٠ شاری ئێران و تا ١٩ی بەفرانبار درێژەی هەبوو کۆماری ئیسلامی بە دڕەندەترین شێوە هێرشی کردە سەر خەڵک و لە کوردستان حکومت نیزامی دانا خەڵکی زۆر کوژران و دەستبەسەربوو. لاوان ئەو هێزە بەقوەتە بەهەموو سەرکووتە جارێتر خۆیان بە شێوازێ تر سازمان دا و ئەم جار لە خەزەڵوەری ١٣٩٨ خرۆشانەوە، کاتی کۆماری ئیسلامی جارێ تر جەختی خستە سەرخەڵک و بەنزینی سێ بەرابەر گرانتر ڕاگەیاند خەڵک بەتایبەت لە ناوچە هەژار و بەشخوراو وەکوو کوردستان، کرماشان، خوزستان، سیستان و بلوچستان دەستیان دا بە خۆپێشاندان و هاتنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕ، لەشارەکانی کوردستان وەکوو سنە، مەریوان، سەق، بانە، مەهاباد، بۆکان و کامیاران ئەم خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیە چەند ڕۆژی خایاند. لاوان بەتایبەت خوێندکاران، کرێکاران، کوڵبەران، قوتابیان و بێکاڕان یەکەمین دەستەی خۆپێشاندەران بوو. زۆربەی ناڕەزاتییەکان لە مەیدانەکانی شار بوو و هەروەها لاوان لە ڕێگەی موبایل و دونیای مەجازی فیلم و وێنەکانیان بڵاو دەکرد. کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بەرگری بکات لە بڵاوکردنەوەی جەنایەتەکانی، ئینترنتی داخست. لاوان لە سەر شەقامەکان بە ئاگردانی تایە و داخستنی شەقامەکان ناڕەزایەتی خۆیان دەڕبری. سەرکوت و تەقەی ڕاستەوخۆ لە کوردستان زۆرتر بوو، سەدان کەس کوژران و بریندار بوون و یا لە زیندانەکان کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کران، لەم خۆپێشاندانە ژنانیش وردە لە خۆپێشاندانەکان سەرشەقام لەگەڵ پیاوان هاتنە مەیدان. بە پێی سەرژمێری ڕێکخراوی نێونەتەوەی ئێران، کە لە ٢٩ی سەرماوەز بڵاوی کردەوە و ناڕەزایەتی خەزەڵوەری١٣٩٨ی لە ڕۆژی ٢٥تا ٢٨ ، نزیکەی ٣٢٤ کەس کوژران و دە هەزار کەسیش دەستبەسەر کران ئەم ڕووباری شۆڕشە هەر دەڕوات بێ ترس و دڵەڕاوکی، لاوان کە پێشەنگی ئەم بزووتنەوەن و لە شۆڕشی ژینا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەلەرزێنن کە ئیتر نەیتوانی لەسەر لاقی بمێنێت. کاتێ ژینا (مەهسا) ئەمینی کچی ٢٢ساڵەی خەڵکی شاری سەقز بە دەسبەسەری گەشتی ئیرشاد چووە کۆما و گیانی بەخت کرد و لە ٢٦ی خەرمانان تەرمەکەی گوازراوە بۆ قەبرستانی ئایچی شاری سەقز، لاوانی کوردستان بەهێزتر لەجاران لە مەراسمی ناشتنی بەشدار بوون و پەیمانیان تازە کرد کە تا ئاخەرین دڵۆپی خۆێنیان ڕانەوەستا ن تا تووڵەی ژینا بگرنەوە لە کۆماری ئیسلامی داگیرکەر و بوو بە خۆپێشاندان و شۆڕشێ بەرین کە تەواو دونیای گرتەوە و دڕۆشمی ژن ، ژیان ، ئازادی لەتەواوی شارەکانی کوردستان ئەبیسترا و کێشرا بە هەموو شارەکانی ئێران. لاوان لە هەموو شارەکان بە داخستنی شەقامەکان و هەڵکردنی ئاگر و درۆشم دان تا چوار مانگ شەقامەکانیان بەجێی نەهێشت، ئەمجار لاوان بەشێوازێ تر خۆیان ڕێکخست و لە هەموو گرینگ تر بوونی بێ وێنەی ژنان لەپەنای پیاوان بوو لەم شۆڕشە. لاوان بەنووسین لەسەر دیوارەکان، ڕەسم و وێنەی گرافیکی، خوێندنی گۆرانی ناڕەزایەتی خۆیان پیشان دا، لەهەموو شوێنێ وێنە ژینا کێشرا و بوو بە سەرسەری ئازادی کۆماری ئیسلامی ئەم جار بە توندترین شێوە خەڵکی سەرکوت کرد لە هەموو چەشنێ کەرەسەی شەڕ وەکوو تانک، تۆپ و هەلیکوپتەر کڵکی گرت، خەڵکی ڕاستەوخۆ دا بەر فیشەک لە منداڵ و میرمنداڵ گەورە و بچووکی دا بە کۆشتن تا شۆڕشی ژینا بوەستێنێ. بەپێی سەرژمێری کۆمیتەی ڕاستی دۆزی ڕێکخراوی نێونەتەوەی لە٢٦ی خەرمانان تا ٢٠ بەفرانباری ١٤٠١هەتاوی (٢٠٢٢زایینی) زیاتر لە هەزار و سەد کەس کوژران کە٧٤منداڵی ژێرتەمەن ١٨ساڵی تێدا بووو هەروەها ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئامرازی ئەشکنجە وەکوو دەستدرێژی و قەتڵ کەڵکی وەرگرتووە، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا زەریای خوێنی ڕێک بخات، بەڵام نەیتوانی ئەم شۆڕشە سەرکووت بکات و هێشتا هەر دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا بەجێ ماوە و لە سەربەرگی زێڕینی مێژوو دەنووسرێت

# لەدایکبوونی گۆڕانکاری: ڕێگا بەرەو ئازادی



دڵنیا ڕەشید پوور

ئێمە دەزانین کۆمەڵگاکەمان ڕێی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی گرتۆتە بەر و بەردەوامە لەسەر ئەو ڕێبازە. بەڵام ئەمە چۆن ڕوویدا؟ چ هێزێک ئەم ڕاپەڕینەی خولقاندووە؟ و کۆتایی ئەم ڕێیە بە کوێمان دەگەیێنێت؟ گۆڕانکاری لە ئاسمانەوە نایەتە خوارەوە؛ بەڵکوو لە دڵی گەلێکی زیندووەوە هەڵدەستێت، ئەو کاتانەی کە پێکهاتە کۆنەکان چیتر ناتوانن واقیعە نوێیەکان لەخۆ بگرن. لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئێستا دوو هێز وەک وزەی نوێبوونەوەی مێژوویی دەردەکەون: ژنان و نەوەی نوێ.

بۆ سەدان ساڵ، ژیانی کورد بە نەریت داڕێژراوە — هەندێکجار پارێزەری کۆمەڵایەتی، هەندێکجار کۆت و بەندی ستەمکار. کەچی لەناو ئەم نەریتانەدا، هەمیشە خاڵی بەرگری هەبوون، جووڵانەوەی بچووک بەڵام بێوچان بەرەو ئازادی. ئەمڕۆ، بوێریی ژنان و ڕۆحی بێئارامی گەنجان بوون بەو دوو باڵە گرنگەی کە کۆمەڵگاکەمان لەسەری دەست پێ دەکات بە سووڕانەوەیەکی نوێ. ئەو گۆڕانکارییەی لە نێوان ئەو دوو چینەدا ڕوویداوە، شۆڕشگێڕانە بووە. بەئاگاهاتنەوەیان ئاسوودەیی سیستمی کۆنی شێواندووە، ئەو پێکهاتە پیاوسالارییە سێبەردارەیان هەڵوەشاندووە کە پێشتر سنوورەکانی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤی دیاری دەکرد. لەو سیستەمە پیاوسالارییەدا، باوک وەک خاوەنێک دەوەستا — خاوەنی ژن، خاوەنی منداڵان، خاوەنی داهاتوو. ئەم ڕێکخستنە تەنها پێکهاتەیەکی خێزانی نییە؛ بەڵکوو ئەو مۆدێلەیە کە دەسەڵات، سیاسەت و کولتوور لەسەری بونیاد نراوە. بەڵام کاتێک ئەو چینەی پاشکۆ بوون دەستیان کردووە بە دەربڕینی دەنگەکانیان وداواکردنی مافی چارەنووسی خۆیان، ئەم پلەبەندییە دەستی کردووە بە لەرزین. هەر هەنگاوێک کە بۆ سەربەخۆبوون بڕیبێتیان، ئەگەرچی لە ئاستی تاکیشدا بێت، کۆمەڵگا یەک هەنگاوی تر بەرەو تێگەیشتنێکی نوێ لە دادپەروەری دەبات.

**ئازادی و ڕۆحی کورد:**

ڕێبازەکانی ئازادی، مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی بەرهەمی ئەم سەردەمەن و لە تازەترین دەسکەوتەکانی مرۆڤن لە ئاستی جیهانیدا، بەڵام دەنگدانەوەیەکی چاوەڕواننەکراویان لە ڕۆحی کوردییدا دۆزییەوە. هەرچەندە کۆمەڵگای کوردی بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئەزموونی تەواوی پێشکەوتن بێبەش بوو، بەڵام بە بیستنی ئەلف و بێی زمانی ئازادی باوەشی بۆ کردەوە، دەتگوت لە قووڵایی دڵی خۆیدا پێی بێگانە نییە و تارماییەکی کۆنی بیرەوەری لەناو خۆیدا ڕاگرتووە.

بەڵام ڕاستییەکی تاڵ ئەوەیە کە بەدەستهێنانی ئازادی هیچ کات ئاسان نییە و پاراستنی لەویش قورس ترە. ئازادی ناتوانێت تەنها لەسەر ئارەزوو بژی. دەبێت بنیاد بنرێت، بپارێزرێت و نوێ بکرێتەوە. ئەو پرسیارەی لە بەردەممانە ئەوە نییە کە ئایا ئازادیمان خۆش دەوێت — ئەوە لە خوێنماندایە — بەڵکوو چۆن دەتوانین بە سەقامگیری بنیادی بنێین. ئەو ڕێگایانە چین کە دەبێت بیگرینە بەر بۆ بەدەستهێنانی؟

**مۆدێرنیتە و گەڕان بەدوای خۆدا:**

مۆدێرنیتە زیاتر لە گۆڕینی ئامرازەکان ژیانی ئێمەی سەروبن کردووە. کوالیتی ژیانی ئاسایی بەرز بووەتەوە و ژیانی ڕۆژانە ئاسانتر و ئاسوودەتر بووە. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، خەڵکی ئاسایی دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە لە خۆی بپرسێت: من کێم؟ چۆن دەمەوێت بژیم؟

ئەم پرسیارە نیشانەی لەدایکبوونی جۆرێکی نوێی مرۆڤە — کەسێک کە ڕەتیدەکاتەوە بە گوێڕایەڵی یان ترس پێناسە بکرێت. ئەم پرسیارە خۆی لە خۆیدا یاخیبوونە دژی هەر کۆتێک کە ڕۆح دەبەستێتەوە و کەرستەی مۆدێرنە یارمەتیمان دەدات دەستمان بە هەموو سەرچاوە و ئەزموونێک لە هەموو سووچێکی دونیا بگات بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدۆزینەوە. ئەوە وای کردووە جیهانبینی ژنان و گەنجانمان بفڕێت و دنیا ببینێت و وێنای ئازادی بکات.

بەڵام لە دوای هۆشیاری بەرپرسیارێتییەکی قورس دێت: بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەک کە تێیدا ئەم ئازادییە هزرییە بتوانێت بژی، نەک تەنها خەیاڵی پێوەبکرێت.

**ئابووری — بنچینەی ڕزگاری:**

ئازادی لە مێشکدا دەست پێدەکات، بەڵام لە ئابووریدا دەژی. هیچ کەسێک ناتوانێت بە شکۆوە بژی بە بێ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان. بۆ ژنان، سەربەخۆیی ئابووری بووەتە سنووری یەکلاکەرەوە لەنێوان دیلی و ڕزگاریدا لە کۆمەڵگای ئێمەدا، خوێندن و ئیشکردنی ژنان نیشانەی شۆڕشێکی بێدەنگ بووە. هەر ژنێک کە دەخوێنێت، ئیش دەکات و مووچە وەردەگرێت، یان خاوەندارێتی دەکات، نەک تەنها ژیانی خۆی دەگۆڕێت بەڵکوو لۆژیکی کۆمەڵایەتی دەورووبەریشی دەگۆڕێت. هەموومان گەر سەرنجێکی چواردەوری خۆمان بدەین، زۆر لەو ژنانەمان بینیوە کە ژیانێک ژیاون پڕ لە بێڕێزی، لە ستەم، ئازار. بەڵام هیچ کات دەنگیان هەڵنەبڕیوە و سەریان دانەواندووە و خۆیان ئامادە کردووە بۆ بەردەوامبوونی ئەو ئازارە. ئایا ئەوان بێهەست بوون و نەیاندەتوانی خەونی خۆشبەختی ببینن؟ نەخێر، ئەوان چارە و پەنایەکی تریان نەبوو.

سەربەخۆیی ئابووری هێز بە ژنان دەدات کە بڵێن «نەخێر» — نەخێر بۆ پشتبەستنی زۆرەملێ، نەخێر بۆ سووکایەتی، نەخێر بۆ بێدەنگی. ئەوان دەتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و خۆیان خەریتەی ژیانی خۆیان داڕێژنەوە. ڕزگاریی ڕاستەقینە تەنها ڕۆحی یان فیکری نییە؛ بەڵکوو ماددیشە. کۆمەڵگایەک کە نیوەی دانیشتووانەکەی لە دەسەڵاتی ئابووری بێبەش دەکات، ناتوانێت بانگەشەی ئازادی بکات.

**سەربەخۆیی ئابووری هێز بە ژنان دەدات کە بڵێن «نەخێر» — نەخێر بۆ پشتبەستنی زۆرەملێ، نەخێر بۆ سووکایەتی، نەخێر بۆ بێدەنگی. ئەوان دەتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و خۆیان خەریتەی ژیانی خۆیان داڕێژنەوە. ڕزگاریی ڕاستەقینە تەنها ڕۆحی یان فیکری نییە؛ بەڵکوو ماددیشە. کۆمەڵگایەک کە نیوەی دانیشتووانەکەی لە دەسەڵاتی ئابووری بێبەش دەکات. ناتوانێت بانگەشەی ئازادی بکات.**

**پێناسەکردنەوەی ڕۆڵەکان — شۆڕشی ڕاستەقینە:**

شۆڕشە ڕاستەقینەکان لە شەقامەکانەوە دەست پێ ناکەن، بەڵکوو لە شێوازی سەیرکردنی یەکترییەوە دەست پێ دەکەن. بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا، دەبێت ئەو ڕۆڵانە پێناسە بکەینەوە کە ئێمە پێناسە دەکەن.

لە ڕابردوودا، منداڵ لە خێزانە کوردییەکاندا زۆرجار وەک موڵک سەیر دەکرا — دەستێک بۆ یارمەتی، سەرمایەیەک بۆ پیری، سەرچاوەیەک بۆ بەهێزیی خێزان. کچ بارگرانییەکی دارایی بوو کە دەبوو بە زووترین کات بدرێت بە شوو. بەڵام ئەمڕۆ، زۆرێک لە دایک و باوکان منداڵەکانیان وەک تاکێک دەبینن کە خەونی تایبەتی خۆی هەیە. ئامانجی ئەوان کۆنترۆڵکردن نییە بەڵکوو گەشەپێدانە. ئەم گۆڕانکارییە — لە خاوەندارێتییەوە بۆ هاوبەشی — یەکێکە لە قووڵترین گۆڕانکارییە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگاکەمان.

ئەگەر ئەم پێناسەکردنەوەیە بتوانێت خێزان بگۆڕێت، ئەوا بیر لەوە بکەوە کە پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی ژنان و مرۆڤەکان بە گشتی دەتوانێت چی بۆ نەتەوەیەک بکات. کاتێک واز لە سەیرکردنی ژنان وەک پشتبەستوو دەهێنین و دەست دەکەین بە سەیرکردنیان وەک هاوکار و هاوشان لە دروست کردنی ژیان و مێژوو، خودی کۆمەڵگا دەست دەکات بە هەناسەدان بە شێوەیەکی جیاواز.

**کاتێک ڕۆڵەکان پێناسە دەکرێنەوە — مێژوو دەجووڵێت:**

مێژوو نیشان دەدات کە کاتێک واتای ڕۆڵی مرۆڤەکان دەگۆڕێت، شارستانییەت بازێکی گەورە دەدات. لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، بەریتانیا ڕووبەڕووی کەمیی سەرباز بووەوە لە سەنگەرەکانی پێشەوە. وڵاتەکە داوای لە ژنان کرد کە پۆستەکان لە کارگەکان، گواستنەوە، پزیشکی، و سوپای یاریدەدەردا پڕ بکەنەوە، بۆ ئەوەی پیاوانی زیاتر بنێردرێت بۆ پۆستە سەربازییەکان. ئەوە قورسایی سوپای بەریتانیای لە تەرازوی شەڕدا بە ڕادەیەکی بەرچاو زیاد کرد: ژنان سەلماندیان کە ئەوان تەنها خشڵی ناسک نین بەڵکوو بڕبڕەی پشتی مانەوەی نیشتمانین. دوای جەنگ، ئەم ئەزموونە ئەفسانەی لاوازیی ژنانی تێکشکاند و ڕەوابوونی داواکاری یەکسانی مافی ژنانی دووبارە سەلماند.

زیاد لەسەد و پەنجا ساڵ پێش ئێستا، و لە کاتی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا، بڕیارەکەی ئەبراهام لینکۆڵن بۆ ڕێگەدان بە لیوا ڕەشپێستەکان بۆ شەڕکردن، زیاتر لە جەنگێکی گۆڕی — خودی ناسنامەی گۆڕی. لەو کاتەدا ڕەشپێستەکان بە هاوڵاتی پێناسە نەدەکران و مافی بەرگری کردن لە وڵاتیان نەبوو. سەربازە ڕەشپێستەکان، کە جارێک کۆیلە بوون، شەڕیان کرد و مردن بۆ وڵاتێک کە مرۆڤبوونیانی ڕەت دەکردەوە. لە ڕێگەی بوێرییەکانیانەوە، ئەوان ئەوەیان پێناسە کردەوە کە واتای چییە ئەمریکی بیت. و نەتەوەکەیان ناچار کرد کە ڕووبەڕووی دووڕوویی ئازادییەک بێتەوە کە لەسەر کۆیلایەتی بنیاد نراوە.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە مرۆڤ دەبێت تەنها بە مردن و شەڕکردن خۆی بسەلمێنێت. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە بەدەستهێنانی ئازادی هیچ کات ئاسان نەبووە؛ و بەئاگاهاتن و بەئاگا هێنانەوە مەرجی سەرەکین.

**بەرەو کۆمەڵگایەک لە مرۆڤی ئازاد:**

ئەو گۆڕانکارییەی کە کۆمەڵگاکەمان پێویستی پێیەتی، هەنگاوی بەرەو هەڵگرتووە و هێشتا ڕێگەی دوور و درێژی لەبەردەمدایە، تەنها سیاسی نییە؛ بوونگەرایانەیە. دەبێت پێناسەی ئەوە بکەینەوە کە واتای چییە مرۆڤ بیت — لە دەرەوەی ڕەگەز، لە دەرەوەی هۆز، لە دەرەوەی گوێڕایەڵی.

کۆمەڵگایەکی ئازاد بنیاد دەنرێت کاتێک هەر تاکێک وەک مرۆڤێک پێناسە دەکرێت کە مافی چارەنووسی خۆی هەیە — بۆ بیرکردنەوە، بۆ خۆشویستن، بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی ژیان. کاتێک هاووڵاتیان لە هەموو ڕەگەز و ئایین و بیر و باوەڕ و تەمەنێک وەک تاکێکی ئازاد پێناسە دەکەینەوە، زەمینە بۆ شتێکی زۆر گەورەتر لە چاکسازی ئامادە دەکەین: ئامادە دەبین بۆ لەدایکبوونەوەیەکی نەتەوەیی.

مۆدێرنیتە، ئابووری و بەئاگاهاتنەوەی ئەخلاقی ڕێگای جیاواز نین — لە یەک ڕاستیدا یەکدەگرنەوە: کە ژیان تەنها کاتێک واتای دەبێت کە بە ئازادییەکی ڕاستەقینە بژین.

کاتێک ئەو ڕاستییە لە دڵی گەلێکدا ڕەگ داکوتێت — کاتێک هەر کەسێک دەست دەکات بە هەناسەدان وەک ڕۆحێکی ئازاد — ئەوکات، و تەنها ئەوکات، کۆمەڵگایەکی کوردی دەبینین کە تەنها مۆدێرن نییە، بەڵکوو خاوەن شکۆیە و زیندووە بە جوانیی ئازادییەوە.

# ئێمە هەموومان ژینای کوردستانین

دواڕۆژ

بە چاوخشاندنێکی کورت بەسەر بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم بزووتنەوە خۆڕسکە بە بەردەوامی لە ناوەندی گۆڕانکارییە گرینگەکانی کۆمەڵگای ئێراندا ڕۆڵی بەرچاوی بووە و قوربانی داوە و شەقامەکانی بە خوێنی سووری خۆی، سوور هەڵگێڕاوە. لە تەواوی سەردەمی دەسەڵاتی ڕژیمی پاشایەتی و ئیسلامیدا، بوونی ئەم بزووتنەوەیە قورسایی خۆی بووە و کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان داناوە.

فەزای سیاسیی زانکۆکان بەردەوام دژ بە ڕژیمە دیکتاتۆرەکان بووە. کاتێک باس لە زانکۆ دەکەین دەزانین کە بوونی لاوان لەم ناوەندە گرنگە بەمانای دەستپێکی وشیاری و خەباتی ئەوان بەدژی ڕژیمە دەسەڵاتدارەکانی سەردەمە. لە١٦ی سەرماوەزی ساڵی١٣٣٢ی هەتاویدا، ڕژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی هێرشێکی دڕندانەی بۆسەر زانکۆی تاران دەسپێکرد و سەدان خوێندکاریان دەستگیر و بریندار کرد و لە زانکۆی فەنی سێ خوێندکار بە ناوەکانی (مستەفا بۆزۆرگ نیا و ئەحمەد قەندچی و مێهدی شەریعەت ڕەزەوی) یان بە شێوێکی ناجوامێرانە خەڵتانی خوێن کرد و لە مافی ژیانکردن بێ بەشیان کردن و بەم شێوەیە ڕژانی دڵۆپە خوێنەکان لە جەستەی ئەم سێ خوێندکارە، لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز بۆ هەتاهەتایە بوو بە ڕەمزی خەبات و تێکۆشان. لەدوای ڕژانی ئەم سێ دڵۆپە خوێنە کە تا بەئەمرۆش دەچۆڕێتەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری ناوەندێکی گرینگی خەبات بەدژی دیکتاتۆرییە. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران بەهۆی بەردەوامی و مانەوەی و چالاک بوون لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا، بۆتە بەشێک لە هزری گشتی کۆمەڵگا. هێزی بزوێنەر بووە و وەک ڕەوتێکی چالاک و ژێر هیچ دەسەڵاتێک چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوودا نەیتوانیووە ڕوح و ناوەڕۆکی ئەم هێزە بزوێنەرە لەنێو ببات. ڕۆڵی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران تا بە ئێستەش دەرخەری ئەم ڕاستییە کە کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە وێڕای بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تر لە ناخی کۆمەڵگەدا زۆر بەرجەستەیە. بزووتنەوەی خوێندکاری وێڕای پرش و بڵاویەکەشی و نەبوونی ڕێبەرێکی تۆکمە بەڵام لەو هێزە چالاکانە دێتە ئەژمار کە بە هاودەنگی لەگەڵ سەرجەم بزووتنەوەکانی دیکە دەیهەوێ و دەخوازێ ماف و ئازادییەکان وەدی بێنێ و کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار، ئازاد و دێموکراتیک بکاتە ئامانجی وەدیهاتنی.

هەوڵەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بەرامبەر بە دیکتاتۆری و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بۆ ساتێکیش لە وەستان نەکەوتوو لەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیش چالاکییەکانی خۆی سەر لە نوێ دەستپێکردەوە. هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی ڕەوتی ئیسلامیی، هێرشەکان بۆ سەر زانکۆکانی ئێران دەستیان پێکرد. ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو دژایەتیی بەرینی خوێندکارانی بۆ تەحەمول نەکرا و لە مانگی گوڵانی ١٣٥٩دا لەژێرناوی "شۆڕشی فەرهەنگی" هێرشی کردە سەر گشت زانکۆکانی ئێران و سەدان خوێندکاری کوشت و بریندار کرد و بۆ چەند ساڵ زانکۆکانی داخست. لەماوەی "شۆڕشی فەرهەنگی"دا هەزاران مامۆستا و خوێندکار دەرکران و ژمارەیەکی زۆریشیان دەستگیر و ئەشکەنجە کران و کوژران.

ساڵانێکی زۆر دواتر سەرەڕای هەموو ئەو هەوراز و نشێوانەی کە بزووتنەوەی خوێندکاری نایە پشت سەر ڕووداوەکانی ١٨ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی جارێکی تر لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا دەبنە خاڵی وەرچەرخانی گرنگ و بەهێز و مێژوویەکی تر تۆمار دەکەن. ئەو ڕۆژە شاری تاران بوو بە مەیدانی بەرەوڕووبوونەوەی خوێندکاران و خەڵکی ناڕازی لەگەڵ هێزەکانی سەرتاپا چەکداری ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی. ئەو ڕۆژە بوو کە بەناوی بزووتنەوەی ٥ ڕۆژەی ڕوداوەکانی "کووی زانکۆ"ی تاران ناوزەد کرا. لە ڕاستیدا ١٨ی پوشپەر لە ئەدەبیاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی و لە زمان بەرپرسانییەوە وەک ڕۆژێکی ڕەش ناوزەد دەکرێ کە تێیدا تاقمێکی ئاژاوەگێڕ لە پیلانێکی تایبەتدا بە مەبەستی تێکدانی بارودۆخی وڵات دێنە سەرشەقامەکان. بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەدەبیاتی سیاسی نەیارانی کۆماری ئیسلامیی و لە زمان بەشدارانی ئەو ڕوداوانە، ئەو ڕۆژە واتا ١٨ی مانگی پوشپەری ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی وەک ئاخێزێکی تایبەتی کۆمەلانی خەلک بە دژی دامودەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی و هەروەها وەک خالێکی وەرچەرخانی گرنگ و بەهێز لە بزووتنەوەی خۆیندکاری لە ئێران چاوی لێدەکرێ. لە ڕاستیدا لەدوای مـــانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا ئەمە یەکەم جار بوو کە خۆپیشاندانێکی لەو چەشنە و لەم ئاستەدا لەلایەن لاوان و خەلکی ناڕازییەوە لە شاری تاران بەشەکانی تر ڕووی دابوو. کۆمەڵگای ئێران لە نێوان ساڵەکانی دەیەی هەفتای هەتاویدا چبووە ناو بارودۆخێکی تایبەتی و تازەوە.

باردۆخێک کە پێداگری لە سەر گوتاری چاکسازی و ئالوگۆڕ لە کۆمەڵگای ئێراندا دەکرد و لە ناو بزووتنەوەی خوێندکاری و بزوتنەوەکانی تری ناو کۆمەڵگا کە بەدەس دیکتاتۆرییەتی ویلایەتی فەقیە وەتەنگ هاتبوون، جموجۆلێکی تایبەتی خستبووە ئاراوە. ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژانە کە لە ١٨ی پوشپەڕەوە دەستی پیکرد و تا درەنگانی شەوی ٢٣ی پوشپەڕ درێژەی کێشا، بە هێرشی پاسداران و لیباس شەخسیەکان بۆ "کووی زانکۆ"ی تاران دەستی پێکرد. لە ئاکامی هێرشی شەوانەی هێزەکانی ڕژیم بۆ سەر خوێندکاران ژمارەیەک گیانیان بەخت کرد و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. ئەم ڕوداوە لەگەڵ دژە کردەوەی خوێندکاران لە گشت زانکۆکانی ئێران بەرەڕوبووەوە و شاری تارانیش بووە مەیدانی خەباتێکی پر شور و شەوق لە دژی ڕژیمی ئیسلامیی. بێگومان لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابردوودا بە تایبەتی بەدوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی، بزووتنەوەی خوێندکاری وەک یەکێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و یەکێک لە سەنگەرەکانی بەرخۆدان لە جەریانی کێشمەکێشی سیاسی و چینایەتی و شۆڕش و دژە شۆڕش، چالاکانە دەرکەوتووە. ئەگەر لە سەردەمی ڕژیمی ستەمکاری پاشایەتیدا، خوێندکاران دەور و نەخشێکی بەرچاویان لە ناڕەزایەتی جەماوەری ئەوکات و پاشان لە پێکهێنان و دامەزرانی گرووپ و ڕێکخراوە چەپ و شۆڕشگێڕەکاندا بوو و بەرەو دیفاع لە شۆڕشی زەحمەتکێشان و بێبەشانی کۆمەڵگا هەنگاویان هەڵێناوە، دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی و لە کاتێکدا کە کێشمەکێشێکی قووڵ لەسەر چۆنیەتیی درێژەی شۆڕش لە ئارادابوو، زانکۆ بوو بە یەکێک لە سەنگەرەکانی شۆڕش و بوو بە شوێنێک کە هێزی سیاسیی جۆراوجۆر لە بەرامبەر یەکتردا ڕیزیان دەبەست. ڕەوتی خۆسەقامگیر کردنی دژە شۆڕشی ئیسلامیی لەوانە لەسەر بەستێنی سەرکوتی هەمە لایەنەی بزووتنەوەی ڕادیکاڵی خوێندکاران ئەنجام درا.

لەگەڵ وەڕێکەوتنی هەر ئاخێزیک و هەر جموجۆلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێران لە ماوەی ساڵەکانی پێش ١٣٧٨ی هەتاویدا، زاڵ بوونی گوتاری جۆراوجۆری حکوومەتی بەسەر کەش و هەوای سیاسیی ئێران و تێپەڕبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتیەکان لەو چوارچێوانەی کە کاربەدەستانی حکوومەتی لە خەبات دژبە باروودۆخی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای ئێران نابوویانە بەردەم ئەم بزووتنەوانە، ڕیزبەندی سیاسیی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی خوێندکاریش، هەر جارەی بە پێی پێویست گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات. لەژێر کاریگەریی ئەم گۆڕانکاریەدا ڕۆڵی هێژمۆنیکی ڕێکخراوەکانی سەر بە حکوومەت لە ناو زانکۆکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو لاواز بۆوە و بەستێنی گونجاوتری بۆ گەشەی مەیلی ڕادیکال لە ناو بزووتنەوەی خوێندکاری دا خولقاند.

ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا یاد لە ١٦ی سەرماوەز دەکەین کە سێ ساڵ بەسەر شۆڕشی مەزنی ژن ژیان ئازادیدا تێپەڕیووە. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ٢٨ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ لە حالێکدا کە کوردستانی شۆڕشگێڕ گوڕوتینی ناڕەزایەتی و خەبات دژبە کوشتنی بە ئانقەستی ژینا دایگرتبوو، لەئاستێکی کەم وێنەدا هاتە مەیدان و بە دروشمی "مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر"، "ئێمە هەموومان ژینای کوردستانین" زانکۆیان کردە مەیدانی مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بەدژی گشت دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی. بزووتنەوەی خوێندکاری لەماوەی مانگەکانی ڕابردووشدا یەکێک لە پارێزەر و پشتیوانانی سەرەکی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ژینا و بەرخۆدان بەرامبەر بە سیاسەتی دژەژن و هێرشی بەرنامەڕێژیکراوی ڕژیمی ئیسلامیی بۆسەر زانکۆکان بووە.

لە هەلومەرجی ئێستادا، بزووتنەوەی خوێندکاری وەک یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە، پێویستە داخوازیی گەڵاڵەکراوی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بە ڕادیکاڵترین شێوە نوێنەرایەتی بکات. بزووتنەوەی خوێندکاری بەهۆی پێکهاتەیەک کە هەیەتی بەشێوەی سرووشتی توانای ئەوەی هەیە ببێتە ناوەندێک بۆ یەکگرتووی بەهێزی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ناو کۆمەڵگا دژ بە گوشاری بێسنووری ئابووری، دژ بە بێ مافیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، دژ بە بەربەستی کلتووری و سیاسی دژ بە گوشارەکانی سەر ژنان و حیجابی زۆرە ملی. واتە ئەوانەی وا شەقامیان کردووەتە گۆڕەپانی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئیسلامیی دەتوانن داخوازی و خواستەکانیان یەک بخەن و لەژێر گوتارێکی هاوبەشدا ڕێکی بخەن و بەرەو پێش بچن بۆ ڕوخانی دەسەڵاتی ئیسلامیی. ئەگەر ئەمڕۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی خوێندکاران و بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی کرێکاران دیاردەیەکی کۆمەڵگەی مۆدێڕن و سەردەمن کە واتە پێویستە هەوڵ بدرێ ئەم بزووتنەوانە بە یەکەوە بلکێندرێن و لە ژێر یەک چەتردا بەرەو ئاسۆی ڕوونی ڕزگاری هەنگاو بنێن و دژی سێدارەو کوشت و بڕ و زیندانیانی سیاسی و شەڕخوازی دەسەڵاتدارانی ئێران دەنگ هەڵبڕن و دەنگی ڕزگاری خوازی خۆیان لە نێو دڵی شەقامدا هاوار بکەن.

**لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ئەو پیاوانەی توندوتیژی دژ بە ژنان بەکار دەبەن کێشەی دەروونیان هەیە. ئەو پیاوانەی بە منداڵی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنانی بنەماڵەکەیان کراوە، پیاوانی بێ مەسئولیەت و بێتاقەتن و ئەو پیاوانەی هەست بە پووچی دەکەن، زۆرتر توندوتیژی دژ بە ژنان بەکار دەبەن. زۆربەی ژنان بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێکار و بێ داهاتن و ژیانیان لەباری ئابوورییەوە بە پیاوانی خانەوادەکەیانەوە بەستراوەتەوە و ڕاوەستان لە بەرانبەر زوڵم و توندوتیژیی پیاوان مەترسیی بێبژیوی و ئاوارە بوونیان دەخاتەسەر. لە لایەکی دیکەشەوە زۆریەك لە**

## توندوتیژی دژی ژنان وەک دیاردەیەکی جیهانی

# وتوێژی تەلار ئیوەر لەگەڵ سازیان شەهید تالیب بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی ژنانی کوردستان



تەلار ئیوەر

«توندووتیژی» دیاردەیەکی دزێوی جیهانییە کە بە زۆری دژی ژنان بەکار دەهێنرێ. ئامارو ڕادەی یەکجار زۆری توندووتیژی دژی ژنان نیشاندەری ئەمەیە کە ئەم دیاردە دژە ئینسانیە بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەربڵاو لە کۆمەڵگادا لە ئارادایە و کولتور و پەروەردەی پیاوسالارانە، لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر گواستویەتییەوە و بۆتە ئامرازی سەرکوت و بێ ماف کردنی ژنان.

«تووندوتیژی دژ بە ژنان» بەرینترین بابەتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤە و هەتا ئەو کاتەی ئەو ئاکارانەی لە ژێر ئەم کۆچەمکە جێگایان بێتەوەو درێژەیان هەبێت، ناتوانین بڵێین هەنگاوێکی ڕاستەقینە بەرەو یەکسانی و ژیانی هاوشان و هاوسەنگ هەڵگیراوە.

تووندوتیژی دژ بە ژنان لە هەموو جیهاندا ڕوودەدات، سنووردار نییە و تایبەت بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراویش نییە، بەڵام ئاست و ڕێژەکەی لە کۆمەڵگاکاندا جیاوازیی بەرچاویان هەیە.

بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر ئەم بابەتەو هۆکارەکانی تووندوتیژی و چۆنییەتی بڕیاردانەکانی یاساو دادگاکان دەچینە لای «سازیان شەهید تالیب» بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکییەتی ژنان لە شاری سلێمانی.

پ. سەرەتا بەم پرسیارەوە دەست پێدەکەین تووندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆنەو لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرترین جۆری تووندوتیژی کە ڕووبەڕووی ژنان دەکرێتەوە چۆنە وە کاریگەری جەستەیی، ڕۆحی یان ئابووری ... کامیان زۆرترە؟

- تووندوتیژی دژ بە ژنان بریتیە لە هەر جۆرە ئازاردانێکی جەستەیی و دەروونی کە بەرامبەر بە ژن ئەنجام بدریت، لە لایەن کەسێکەوە. هەرچی تووندوتیژی جەستەییە بە لێدان یان ئەشکەنجەی جەستەیی بێت یان خەتەنە کردنی مێینە بێت دەگرێتەوە، تووندوتیژی دەرونی هەمو جۆرە قسەوتوانج و وشەیەکی زبر یان ئاماژەیەکی جەستە دەگرێتەوە کە ببێتە هۆی ئازارو نارەحەتی کەسی بەرامبەر.
- بەشێوەیەکی گشی لە کوردستان هەمو جۆرەکانی توندوتیژی ئەنجام دەدرێت بە بێ گوێدانە بارودۆخی دەروونی و جەستەیی ژن، بەداخەوە بەشێک لە ژنان نائارامترین شوێنیان ناو ماڵەکانی خۆیانە، چونکە لەلایەن مێردو باوکو براو زۆرجار دایکەکانیش دەبنەوە بارێکی گران بۆ شانی کچەکانیان، زۆرجار زیادەڕەوی دەکرێت و ژنانو کچان تا لێواری مەرگ یان خودی مەرگ دەبرێن، ئەگەر چاو بە ئامارەکانی ڕابردودا بخشێنیت ئەو ڕاستیە دەزانیت، بێگومان کاریگەری گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت ئاسەوارەکانی دەمێنێتەوەو دەبێت بۆ ساڕێژ بون پەنا بۆ پزیشکی دەرونی ببرێت، بێگومان هەریەک لەوانە کاریگەرییان بە ئەندازەی خۆی دەمێنیتەوە، هەریەک بە شێوەیەک.

☐ ڕەگ و ڕیشەی سەرەکی و ئەسڵی تووندوتیژی دژ بە ژنان چییە؟ کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابووری، یاسایی یان پەروەردە؟ چۆن دەتوانین ڕۆڵی خراپیان کەم بکەینەوە؟

سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی توندوتیژی بە بڕوای من بە پلەی یەکەم بەندە بە پەروەردەوە چونکە منداڵ سەرەتا لەناو خێزاندا گەشەدەکات و دواتر دەچێتە ناو کۆمەڵگەوە، بە پلەی دووەم کۆمەڵگە و خوێندنگەو ناو کایەی ژیان کردن کە دوبارە دەبێتەوە بە کورەی قاڵکردنی مرۆڤەکان، هەرلەبەر ئەوەیە پیاوەکان کاتێک بە ماندویەتی دەگەڕێنەوە ئەگەر ڕۆژەکە ڕەحمی پێنەکردبن دەبینین بەشێکیان ئاسەواری بێ بازاڕیان لەسەر دیارە لەبچوکترین دۆخدا دەبێتە مایەی ئازاردانی ئەوانی دیکە، ئەگەرچی توندوتیژی بەهەمو جۆرەکانیەوە قێزەونە بەڵام تاک ی پەروەردەنەکراو لەسەر پرەنسیپەکانی ژیان دەبینین زۆر لای ئاساییە پێدەچێت لە زۆر باردا، ئەنجامدەر خۆی پێڕاست بێت چونکە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە ژن و منداڵەکانیشیان وەکو ئوتومبێلو پێداویستیەکانی ماڵ دەبینێت و بە موڵکی خۆی دەزانێت بۆیە هەرکات چۆن بیەوێت بەکاریان دەهێنێت، بەداخەوە ئایین زۆر جار ڕۆڵی باشی نەبینیوە بەهۆی پیاوانی ئاینییەوە مامەڵەیەکی خراپیان لەگەڵ دین کردوە.

☐ خێزان و کۆمەڵگا چ ڕۆڵێکیان هەیە لە بەردەوام بوونی تووندوتیژیدا؟

خێزان بڕبڕەی پشتی پەروەردەیە، بێگومان کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر تاک، لە منداڵیەوە منداڵ لەناو پرۆسەی لاسایی کردنەوەدایە، «چاولێکەری» بنەمای پێگەیاندنیەتی، دواتر هەر ئەم تاکەیە دەجێتەوە ناو کۆمەڵگە، دەتوانم بڵێم کۆمەڵگەش بە هەمان شێوە ئاسەواری خۆی بە جێدێڵێت.

☐ یاسا و دادگاکان تا چ ئاستێک توانیویانە ژنان بپارێزن لە تووندوتیژی و ئایا ئەو یاسایانەی کە کاری پێدەکرت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، کافین؟ وە ئایا پێتان وایە یاساو دادگا بەرنامەی و پرۆژەی تایبەتیان هەیە بۆ یارمەتیدانی ژنانی قوربانی؟

بابەتی کەمکردنەوەی توندوتیژی پەیوەستە بە سیستەمێکی تۆکمە کە تیایدا تاکەکان وەک یەک پارێزراو بن، ئەوەش بە میکانیزم و بەرنامەی تایبەت دەبێت کە دەسەڵات هەموو سێکتەرەکانی خۆی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات، کاتیک یاسا بونی هەبوو هاوڵاتی توانی بە هەستکردن بە دڵنیایی سکاڵا بکات کەسێک هەبێت تەرخان کرابێت بۆ بەدواداچوون، لەکاتی خۆیدا تاوانبار بخرێتە بەر لێپرسینەوە، بەناوی جۆراوجۆر تاوانەکە بچوکنەکریتەوە، بێگومان لە سەرو هەموو ئەمانەوە دەبێت سکاڵاکار سوربێت لەسەر داواکای و بەناوی جیاوازەوە لێخۆشبوون نەیگرێتەوە. ئەگەرچی خودی یاساکان ماتاتی تیایەو دەتوانرێت لێخۆشبوون یان کەمکردناوەی تیابێت، لەبەرئەوە دەبێت دەستبەجێ گۆڕانکاری لە یاساکان و مادەکاندا بکریت.

☐ چۆن دەتوانین کار بکرێت بۆ ئەوەی تووندوتیژی دژ بە ژنان کەم بکرێتەوە؟

ئەو ڕێگایانەی وادەکات توندوتیژی کەم بکاتەوە:

- دۆزینەوای هەلی زیاتری کارکردن و باشکردنی بژێوی خەڵک. کوردەواری ئەڵێت کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە، ئەم ڕێگەیە بەشێک لە کێشەکە چارەسەر دەکات.
- گۆڕین لە سیستەمی پەروەردە لە منداڵیەوە فێربکرێن کە جوانی ژیان لە یەکسانیدایە، فێر بکرێن کە توندتیژی جوانیەکانی ژیان دەکوژیت ناتوانی گیانی هاوکاری بەرهەم بهینین، ئەم سیستەمە لە گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و ئەو ئەقڵیەتەی پرۆگرامەکە دەڵیتەوە لە خوێندنگەکاندا.
- منداڵ ناچار بکرێت خوێندن تا ئاستێکی بەرز بخوینێت و ناچار بە مانەوەی بکات لەناو پرۆسەکەدا.
- دایکوباوک ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە پرۆسەی پەروەردەدا، دەبێت بەشێک لەم ڕۆڵە ئەوان بیگێڕن.

☐ هێشتا ژنانێکمان هەیەلە سوچی ماڵەوە دانیشتووەو ژێردەستی دەسەڵاتی پیاوسالاریە، پەیامی ئێوە بۆ ئەو ژنانەچییە ؟ هەر لەم چوارچێوەدا میدیا و ڕاگەیاندنەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تووندوتیژی و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا؟

سەبارەت بەو ژنانەی نێو ماڵ دانیشتوون...

هەڵبەت شتێک نیە بەناوی دانیشتن، چونکە ژنەکان لەنێو ماڵدا دەبنە ژنی ماڵ کابانی ماڵ لێرەدا نامەوێت لەم وەزیفە گەورەیە کەم بکەمەوە چونکە ئەوان دایکمانن زەمەنێک ئەم وەزیەیە خزمەتی گەورەی کردووە بە ئێستاشەوە چونکە بەرپرسیار بوون لە پەروەردەو گەورەکردنی نەوەیەک، بەڵام خۆ بەتەنها وەزیفەی ژن، منداڵ دروستکردنو گەورەکردنی نیە، ژنەکان دەرفەتیان پێبدرێت دەتوانن گەشە بکەن پەروەردە بن فێر بن، ئەگەر ئاورێک لە رابردوی کوردبدەینەوە دەبینین ژنان لە سەر کاری کشتوکاڵ بوون لەگەڵ بەخێوکردنی ئاژەڵو ماڵداری دا بوون منداڵەکانیشیان بە کۆڵ و بندەستیانەوە بووە، ئێستا لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتن و بەردەستبوونی هۆکاری پەروەردەیەدا، فەراهەم بوونی شوێنی تایبەت بۆ بەخێوکردنی منداڵ، ژنان باشتر دەتوانن خاوەنی کارێکی گەورەی دەستی بن لە دەرەوەی ماڵەکانیان، ژنان و کچان ڕێگەیان پێبدرێت، دەتوانن بەڕێوەبەر، مامۆستا، فەرمانبەر، کرێکار، بەرگدروو و چێشتلێنەر بن، تەنها ڕێگەیان پێبدرێت و یارمەتی بدرین پشتگیری کار بکرێن، ئەگەرچی بەشێک لە کۆمەڵگە باوەڕی نەهێناوە بە چونە دەرەوەی ژن بۆ کارکردن تا ببێتە خاوەنی گیرفان و سەرچاوەی داهاتی خۆی، هیوادارم ژنان بتوانن ئەو پەردەیەی کێشراوە بە دەوری پەروەردەیاندا بکێشنە دواوە بێنە مەیدانی کارو لە چ بوارێکدا دەرفەتیان هەیە بێنە پێشەوە بۆ کارکردن و چاوەڕوانی کەس نەبن تا بڕە پارەیەکیان بداتێ، خۆیان بێنە مەیدان، لەم مینبەرەوە داوا لە ژنان و کچان دەکەم کە بتوانن خۆیان خاوەنی بیرو ئەندێشەی خۆیان بن، خاوەنی ڕای سەربەخۆی خۆیان بن.



سازیان شەهید تالیب( بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتیی ژنانی کوردستان)

**سەربەخۆیی ئابووری هێز بە ژنان دەدات کە بڵێن «نەخێر» – نەخێر بۆ پشتبەستنی زۆرەملێ، نەخێر بۆ سووکایەتی، نەخێر بۆ بێدەنگی. ئەوان دەتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و خۆیان خەریتەی ژیانی خۆیان دابڕێژنەوە. ڕزگاریی ڕاستەقینە تەنها ڕۆحی یان فیکری نییە؛ بەڵکوو ماددیشە. کۆمەڵگایەك کە نیوەی دانیشتووانەکەی لە دەسەڵاتی ئابووری بێبەش دەکات، ناتوانێت بانگەشەی ئازادی بکات.**

# خەباتی ژنان بەرەو یەکسانی ڕاستەقینە



چیمەن جوانروودی

هەرچەند، لە سەردەمی ئێستادا ژنان، توانیویانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە زانکۆ و بازاڕی کارەوە تا بوارەکانی سیاسی و بەڕێوەبردن حوزووری بەر چاویان هەبێت و بە ڕواڵەت بۆ یەکسانی خەباتی بێوچان دەکەن، بەڵام بوونی ڕواڵەتی هەمان یەکسانی ڕاستەقینە نییە. ئەم بۆشاییەی نێوان «دەستڕاگەیشتن» و «یەکسانی» ڕەگ و ڕیشەی لە هۆکارە مێژوویی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروونناسیدا هەیە، ئەگەرچی باسێکی زۆر بەر فراوانە و لە یەک بابەتدا باسی لێناکرێت، بە کورتی پێداچوونەوە بەم بابەتە دەکەم.

١_ هۆکارەکانی بەردەوامبوونی نایەکسانی ڕەگ و ڕیشەی کولتووری و نەریتی:

١.١ لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا، ڕۆڵی جێندەری بۆ چەند هەزارە لەسەر بنەمای دابەشکردنی نەریتی کار لە قاڵب دراوە. پیاوان وەک بژێوی ژیان و دەسەڵاتداری بنەماڵەی خۆی و ژن وەک چاودێر بۆ خێزان پێناسە دەکران. ئەم وێنەیە هێشتا لە عەقڵی دەستەجەمعی زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە و تەنانەت نائاگایانە کاریگەری لەسەر ڕەفتار و بڕیارەکان هەیە.

١.٢ نایەکسانی لە دەرفەتەکاندا نەک تەنها لە یاساکاندا:

لە زۆرێک لە وڵاتان یاساکان بە ڕواڵەت یەکسانن، بەڵام پێکهاتە و بیرکردنەوەکان هێشتا یەکسان نین. بۆ نموونە ژن و پیاو دەتوانن ببنە بەڕێوەبەر، بەڵام ژنان کەمتر دەبینرێن و تۆڕی پشتیوانی کەمتریان هەیە و دەرفەتی کۆمەڵایەتی کەمترن.

١.٣ بەرپرسیارێتی دووانەی ژنان:

ژنان بە گشتی دەبێت هاوسەنگی لە نێوان کار و بەرپرسیارێتی خێزانیدا هەبێت. ئەم دوو فشارە پێشکەوتنیان قورستر دەکات.

١.٤ هەڵوێستە چەقبەستوو و تێڕوانینە جیاکارییە شاراوەکان:

هەڵوێستەکانی وەک «ژن بۆ ئەم کارە گونجاو نییە»، «ئەوان هەستیارن»، یان «ئەولەویەتی ئەو خێزانەکەیەتی» تا ئێستاش لە زۆر ژینگەدا دەبیسترێت و ڕێگری لە گەشەکردنی ڕاستەقینە دەکات.

٢_چۆن کۆمەڵگایەک دەتوانێت لە "دادپەروەری جێندەری"ەوە بگۆڕێت بۆ "یەکسانی ڕاستەقینە".

٢.١ قۆناغی یەکەم: دادپەروەری بۆ قەرەبووکردنەوەی نایەکسانی مێژوویی

لە هەنگاوی یەکەمدا کۆمەڵگا دەبێت قبووڵی بکات کە نایەکسانی بوونی هەیە.

ئەم قۆناغە زیاتر قۆناغێکی چاکسازی و پشتیوانییە. ئەمە برتیە لە:

دروستکردنی یاسای پاراستن بۆ ژنان (مۆڵەتی منداڵبوون، ئاسایشی کار، بیمەی منداڵبوون، پشتیوانی بۆ سەرۆکی ماڵە ژنەکان و هتد)

کۆتایی ئەرێنی (بۆ نموونە تەرخانکردنی ڕێژەیەک لە کورسییەکانی بەڕێوەبەرایەتی یان زانکۆ بۆ ژنان)

پەروەردەی گشتی سەبارەت بە مافی ژنان و پیاوان

لەم قۆناغەدا ئامانج ئەوەیە کە ژنان بتوانن بە مەرجی یەکسان لەگەڵ پیاوان ڕکابەری بکەن

٢.٢ قۆناغی دووەم: گۆڕانی هەڵوێست و ڕۆشنبیری گشتی

هیچ یاسایەک بەبێ گۆڕینی بیرکردنەوەکان بەردەوام نابێت. کەواتە لە هەنگاوی دووەمدا دەبێت کولتوری گشتی بەرەو ڕێزگرتن و باوەڕبوون بە تواناکانی ژنان هەنگاو بنێت.

چارەسەرەکان:

پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکی پەروەردەیی (کتێبی خوێندن، بەرنامەی میدیایی، ڕیکلام).

پێشخستنی نمونەی سەرکەوتووی ژن لە زانست، سیاسەت، بەڕێوەبردن، هونەر، و وەرزشدا. هاندانی پیاوان بۆ بەشداریکردنی یەکسان لە کارەکانی ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵ. لەم قۆناغەدا کۆمەڵگا وردە وردە لە ڕوانگەی «ژن پێویستی بە پشتیوانی هەیە» دەچێتە ڕوانگەی «هەم ژن و هەم پیاو بەرپرسیارن لە گەشەکردنی کۆمەڵگا».

٢.٣ قۆناغی سێیەم: یەکسانی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی

کاتێک دادپەروەری جێندەری تا ڕادەیەک جێگیر بوو و کولتووری گشتی گۆڕانی بەسەردا هات، دەبێت یەکسانی ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.

ئەمە برتیە لە:

نەهێشتنی هەر جیاکارییەکی شاراوە لە دامەزراندنی کارمەند، پلەبەرزکردنەوە، یان مووچەدا. هەڵسەنگاندنی ئەدای کارکردن لەسەر بنەمای توانا و شایستەیی نەک ڕەگەز، ئامادەبوونی هاوسەنگی ژنان و پیاوان لە بڕیاردان و داڕشتنی سیاسەتدا. شەفافیەتی داتا و ئاماری جێندەری بۆ چاودێریکردنی یەکسانی. لەم قۆناغەدا چیتر پێویستی بە «کۆتا» یان «ئیمتیازاتی تایبەت» نییە، چونکە کۆمەڵگا بەڕاستی گەیشتووەتە هاوسەنگی.

٢.٤ قۆناغی کۆتایی: یەکسانی لە دەروون و ڕەفتاردا

لە کۆتاییدا یەکسانی ڕاستەقینە کاتێک بەدەست دێت کە:

ڕەگەز چیتر فاکتەری حوکمدان یان سنووردارکردن نییە، هەر کەسێک بە بەهرە و ئیرادە و مرۆڤایەتی خۆی دەناسرێتەوە، و ڕێزگرتنی یەکتر لە هەموو پەیوەندییە مرۆییەکاندا دامەزراوەیی کراوە. لەم ئاستەدا ژن و پیاو دژی یەک نین، بەڵکو پێکەوەن.

٣~ئەنجام

– یەکسانی جێندەری مانای چییە؟

یەکسانی بە مانای یەکسانی ڕەها نییە، بەڵکو مامەڵەی یەکسانە لەگەڵ بەها و ماف و دەرفەت و ڕێزگرتنی یەکتر.

دەتوانین بڵێین: یەکسانی لە کەرامەتی مرۆڤدا: ژن و پیاو لە ڕووی بەهای مرۆڤایەتی و مافی بڕیاردان یەکسانن. یەکسانی لە دەرفەتەکاندا: پێویستە هەردووکیان دەرفەتی خوێندن و کارکردن و بەشداریکردن لە سیاسەت و گەشەکردنیان هەبێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

دادپەروەری لە جیاوازییەکان: یەکسانی بە مانای چاوپۆشیکردن لە جیاوازییە بایۆلۆژی و دەروونییەکان نییە، بەڵکو دابینکردنی هەلومەرجێکە کە هەموو مرۆڤێک بەبێ گوێدانە ڕەگەزێک، بتوانێت پەرە بە بەهرەکانی بدات.

# توندوتیژیی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە ژنان



ئارمان ڕەجەبی

لە میرابالەوە تا ژینا؛ لە کوردستانەوە تا سیستان و بەلوچستان مێژوو هێشتا داوای دادپەروەری دەکات.

٢٥ی نوامبر تەنها ڕۆژێک نییە لە ڕۆژژمێردا، ئەمە ڕۆژێکە کە جیهان دان بەوەدا دەنێت کە ژنان هێشتا قوربانی توندوتیژی پێکهاتەیین. ئەم ڕۆژە وەبیرهێنانەوەی خوشکەکانی میرابالە و دەنگدانەوەی هاواری ژنانی وەک ژینا ئەمینی و ئەو کچ و دایکانی کوردە کە لە شەقامەکانی کوردستان بۆ ئازادی ڕاوەستاون

لە ئێران، توندوتیژی دژی ژنان ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی نییە. ئامرازێکی سیاسی و حکومییە:

١- حیجاب و گەشتی ئەخلاقی زۆرەملێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ژنان.

٢- یاسای جیاکاری لە دامەزراندن و خوێندن و چاودێریکردن.

٣- زیندانیکردن و هەڕەشە کردن لە دژی ئەو ژنانەی کە ناڕەزایی دەردەبڕن دژی نایەساکان.

ئەم توندوتیژییە سیستماتیک ئازادی ژنان بە دوژمنی یەکەمی حکومەت دادەنێت.

کوردستان؛ ئەو شوێنەی کە بەرخۆدانی ژنان تێیدا دروست دەبێت.

ژنانی کورد ڕووبەڕووی فشاری دووانەی چەوساندنەوەی سیاسی و جیاکاری کەلتووری دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فشارانە بەرگرییان کردووە بە بێهاوتا و لە سەرانسەری جیهاندا ناسراوە:

١- ژنانی گەنجی کورد لە پێشەوەی خۆپیشاندانەکانن.

٢- دایکانی کورد بە وێنەی منداڵە شەهیدەکانیان دەنگیان بۆ دادپەروەری بەرز دەکەنەوە.

٣- ژنانی تێکۆشەری کورد بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» پەیامی خۆیان بە جیهان گەیاندووە.

ژن، ژیان، ئازادی

ئەم دروشمە تەنها ناڕەزایی شەقام نییە، بەڵکو گرێبەستێکی ئەخلاقییە لەگەڵ داهاتوو و هێمایەکی جیهانی تێکۆشانی دژ بە توندوتیژی پێکهاتەیی:

ژن = سەرەتای گۆڕان

ژیان = مافێکی بنەڕەتی



ئازادی = هێڵی سوور، گفتوگۆ ناکرێت

ئامار؛ تاوانبارکردنێک لە دژی حکومەت

ئێران یەکێک لە بەرزترین ڕێژەی توندوتیژی دەوڵەتی دژ بە ژنان لە جیهاندا هەیە ژمارەی زیندانیانی سیاسی ئافرەت لە دەیەی ڕابردوودا گەیشتووەتە لوتکە، هەزاران ژن و کچ دەستگیرکراون و ئەشکەنجەدراون بە تۆمەتی «سەرپۆشی نەشیاو». کوشتنی ( ناموسی) شەرەف ساڵانە دەیان ژن دەکوژێت، لە کاتێکدا حکومەت بە «کێشەیەکی کەلتووری» ناودەبات.

لە کوردستاندا توندوتیژی و سەرکوتکردنی ژنان دوو هێندەی ناوچە ناوەندییەکان بەرزترە ، کەچی بەرخۆدانیان باجی شەخسی زۆر گرانی دەبێت.

کوشتنی ( ناموسی) شەرەف و ڕۆڵی حکومەت.

هاوکاری ڕەسمی لەگەڵ بکوژان

کاتێک یاسا ڕێگە بە بکوژی ژنێک دەدات سزایەکی سووک بدرێت، کاتێک میدیاکان ژنە کوژراوەکە بە تاوانبار وێنا دەکەن، ئەمە چیتر کەلتوور نییە، ئەمە تاوانی دەوڵەتە.

پەیام ٢٥ی نوامبر، لە کوردستانەوە بۆ جیهان، ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانییە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان.

بەڵام بۆ کوردستان:

ڕۆژێکە بۆ ئاشکراکردنی توندوتیژیی پێکهاتەیی حکومەت و ڕۆژێکە بۆ جەختکردنەوە لەسەر بەرخۆدانی ژنان. ژنانی کوردستان ئەوەیان خستەڕوو: هیچ هێزێک ناتوانێت دەنگی دادپەروەری بێدەنگ بکات. هەموو سێدارە و زیندانێک و هەموو هەڕەشەیەک بەرگرییان بەهێز دەکات. ژنانی کورد نە قوربانین و نە موتیع.، ئەوان خۆراگەرەن، ئەوان ئازادن. ئەگەر ئەمڕۆ جیهان گوێ نەگرێت، سبەینێ دەبێتە هاوبەشی ئەم توندوتیژییە.

# کۆماری ئیسلامی هەوڵی بەهێزکردنەوەی تۆڕە تیرۆریستییەکانی لە ناوچەکە دەدات

دواڕۆژ



دوابەدوای ڕووداوەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبەر و هێرشی بەربڵاوی ئیسرائیل بۆ حەماس و دواجار لاواز کردنی حیزبوڵڵا و هاوکات ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا بەشێکی بەرچاو لە تۆڕی گروپە چەکدارەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی کە ساڵیانێک بوو لە ڕێگەی ماددی و مەعنەوییەوە تۆکمەی دەکردن، کۆماری ئیسلامی تووشی شۆکی گەورە بوو، لە ئێستادا و بەپێی چەند سەرچاوەیەکی ئیسرائیلی ئێران هەوڵ دەدات لە ڕێگەی چواروجۆرەوە هەوڵی بووژاندنەوەی حیزبوڵا بدات.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی حکومەتی ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی ئێران بە نهێنی دەیان کیلۆ زێڕی لە ڤەنزوێلاوە هاوردە کردوە بۆ دابینکردنی دارایی حزبوڵڵا لە لوبنان.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێک کە لە ئاژانسی فرانس پرێس بڵاوکراوەتەوە و بەپێی چەندین سەرچاوە لە دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل و وەزارەتی بەرگری لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ڕابردوودا دەیان کیلۆ زێڕ لە لایەن کۆمپانیای ئاسمانی ماهان ئەیری سەر بە سپای پاسداران بە نهێنی لە ڤەنزوێلاوە هاوردەی ئێران کراوە و دوای فرۆشتنی لە بازاڕی تورکیا ڕەوانەی لوبنان و حیزبوڵا کراوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا و بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەری وای نێت، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، ئەو ڕێگا ئاسمانیانەی کە ئێران بۆ گواستنەوەی پارە و چەک بۆ حزبوڵڵا بەکاری دەهێنا پچڕاون. زۆرێک لەو یاریزانە سەرەکیانەی پێشتر بۆ گواستنەوەی چەک و پارە بۆ حزبوڵڵا چالاک بوون لەوانەش ژمارەیەک لە فەرماندە باڵاکانی سەر بە فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران، لە هێرشەکانی ئیسرائیلدا کوژراون، دوابەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، سوریا بەتەواوی لە هاوکێشەی قاچاخی تاران دوور خراوەتەوە، بەڵام سوپای پاسداران ڕێگەی نوێی بۆ گواستنەوەی چەک و پارە بۆ حزبوڵڵا لەم ماوەیەدا دۆزیوەتەوە.

پێشتر وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو ئێران لە سەرەتای ئەمساڵەوە نزیکەی یەک ملیار دۆلاری بۆ حزبوڵڵا دابین کردووە بۆ بنیاتنانەوەی ئەو گروپە، بەشێکی زۆری ئەم پارەیە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕەوە گواستراوەتەوە و میکانیزمی دارایی شەرعی بۆ شاردنەوەی سەرچاوە و شوێنی مەبەست بەکارهێنراوە.

وەزارەتەکە ڕایگەیاندووە: ئەو پارەیە بۆ بنیاتنانەوەی توانا سەربازییەکانی حزبوڵڵا و تێکدانی هەوڵەکانی حکومەتی لوبنان بۆ سەپاندنی سەروەری وڵاتەکەی بەسەر تەواوی خاکی ئەو وڵاتەدا بەکاردەهێنرێت، هۆشداریشیدا لەوەی تێکەڵکردنی سەرچاوە داراییە نایاساییەکان لەگەڵ چالاکییە ئابورییە یاساییەکان هەڕەشە لە یەکپارچەیی و سەقامگیریی سیستمی دارایی لوبنان دەکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی وای نیت، شاندێکی ئەمەریکی کە هەفتەی ڕابردوو گەشتی لوبنانیان کردبوو، پەیامێکی ڕوونیان ئاراستەی جۆزێف عەون، سەرۆک کۆماری لوبنان و نەواف سەلام، سەرۆک وەزیرانی لوبنان کرد، پەیامەکەش ئەوەیە « ئەگەر لوبنان نەتوانێت تا کۆتایی ئەمساڵ ڕێگری لەم کەناڵە نوێیانەی پارەدان بۆ حزبوڵڵا بکات، ڕەنگە ئەمەریکا بەیروت بە تەنها جێبهێڵێت».

بەگوێرەی ئەم دەزگا میدیاییە ئیسرائیلییە، ڕاستەوخۆ دوای دەستپێکردنی ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ڕابردوو، ئەو گروپە لە ڕێگەی وەرگرتنی هاوکارییەکی زۆری دارایی و هاوکات بەدەستهێنانی بڕێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنی هەناردەکراوی ئێران لە ریگەی قاچاخەوە، هەوڵەکانی بۆ ئاوەدانکردنەوە و دوبارەخۆ تەیارکردنەوە دەستپێکردۆتەوە.

بەڵام بە کەمتر لە دوو هەفتە دواتر، لە کاتێکدا حزبوڵڵا هەوڵی دەدا چەک و پارەی کاش کە سەرچاوەکەی ئێران بوو لە ڕێگەی سوریاوە بۆ لوبنان ببات، ڕژێمی بەشار ئەسەد ڕووخا و سەرکردایەتی نوێی سوریا ڕایگەیاند ڕێگە نادات خاکەکەی بۆ قاچاخچێتی چەک بەکاربهێنرێت. لە ئەنجامدا سوریا تا ڕادەیەکی زۆر لە هاوکێشەی قاچاخی چەک و پارە دوور خرایەوە. لە بەرامبەردا لوبنان گەشتە ئاسمانییەکانی لە ئێرانەوە ڕاگرت و بەمەش سوپای پاسداران دوو ڕێگای ئاسمانی و زەمینی لەدەستدا کە ساڵانێک بوو بەکاری دەهێنا.

لە کاردانەوەشدا ئێران و حزبوڵڵا هەر زوو خۆیان لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا گونجاند. تۆڕەکانی قاچاخیان گواستەوە بۆ تورکیا و عێراق، بەکارهێنانی ڕێگا دەریاییەکانیان زیاد کرد و زیاتر پشتیان بەست بە ناردنی پارە بۆ حزبوڵڵا لە ڕێگەی کەناڵەکانی دراوی «کریپتۆ»ەوە.

ناوەندی (زانیاریی و هەواڵی تیرۆریزم) ی میر ئەمیت بڵاویکردۆتەوە: ئاشکراکردنی هاوکارییە داراییە بەرفراوانەکانی سوپای پاسداران بۆ حزبوڵڵا لەلایەن ئەمەریکاوە، لەگەڵ ئاشکراکردنی شێوازەکانی قاچاخچێتی، ئەوە دەردەخات ئێران و حزبوڵڵا ڕێگەی جێگرەوەیان بۆ تێپەڕاندنی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکانی لوبنان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ئاگربەستەکە دۆزیوەتەوە.

بەگوێرەی خەملاندنی ناوەندەکە، ئێران بەردەوامە لە هاوکاریکردنی حزبوڵڵا بەمەبەستی بنیاتنانەوەی سەربازی و مەدەنیی، ئەویش بە ئامانجی پاراستنی کاریگەری پێکهاتەی شیعەی لوبنان و پێشگرتن لە لاوازکردن یان هەڵوەشاندنەوەی گرنگترین گروپی چەکداری سەر بە وڵاتەکەی لە ناوچەکەدا، لەلایەن ئیسرائیل یان دەسەڵاتدارانی لوبنانەوە.

ئەو ناوەندە هۆشداریشی داوە، ئەنجامنەدانی هەنگاوی یەکلاکەرەوە لەلایەن حکومەتی لوبنان یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگریکردن لە ڕێڕەوی دارایی و قاچاخی حزبوڵڵا، ڕێگە بە ئێران و حزبوڵڵا دەدات بەردەوام بن لە ناردنی پارە و چەک بەبێ وەستان.

سیستەمی قاچاخی نوێ لە ڕێگەی تورکیا و دەریاوە لەگەڵ بەکارهێنانی دراوی کریپتۆ

بەگوێرەی زانیارییەکانی وای نێت، ئێران و حزبوڵڵا ژێرخانی قاچاخی نوێیان لەسەر بنەمای وڵاتانی سێیەم دروستکردووە و پارچە چەکەکان بە شێوەی جیا دەنێرن و لە لوبنان کۆیان دەکەنەوە، هەروەها کەشتییە بازرگانییەکانیش لەسەر ڕێڕەوی دەریایی دروست دەکەن.

سەنتەرەکە کۆمەڵێک تاکتیکی ئێستای ئێران بۆ ناردنی چەک بۆ لوبنان باس دەکات، بە قاچاخبردنی چەک و کەرەستە و پارە لە ڕێگەی تورکیا و عێراقەوە، بەکارهێنانی نووسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراو، گواستنەوەی زێڕ و ناردنی چەک لە ڕێگەی دەریاییەوە کە تێیدا ئەو بارە چەک و تەقەمەنیانە یان ڕاستەوخۆ دەنێردرێنە لوبنان یان لە ڕێگەی وڵاتانی دیکەوە ڕەوانەی ئەو وڵاتە دەکرێن.

هەر لەو پەیوەندییەدا ڕۆژنامەی ئیسرائیل هیوم بڵاویکردەوە، حزبوڵڵا سەرەڕای بەردەوامی هێرشەکانی ئیسرائیل و فشارە ناوخۆییەکانی لوبنان، بە پشتیوانی دارایی و ئۆپەراسیۆنی حکومەتی ئێران بەردەوامە لە بنیاتنانەوەی هێزەکانی.

وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕایگەیاند کە حکومەتی ئێران سەرەڕای گەمارۆکان، لە ١ی ژانویەی ڕابردووەوە نزیکەی یەک ملیار دۆلاری بۆ بۆ بووژاندنەوەی حیزبوڵا گواستووەتەوە بۆ لوبنان، هەروەها ئەو گرووپە توانیویەتی سەدان مووشەک لە ڕێگەی سوریاوە بهێنێتە ناو لوبنان و ژمارەیەک لە سەکۆکانی هەڵدانی مووشەکی کە بە هۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە زیانی پێگەیشتبوو چاکبکاتەوە.

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە حیزبوڵا هەزاران ئەندامی نوێی وەرگرتووە و هەندێک لە فەرماندە باڵاکانی گروپەکە لە چەند مانگی ڕابردوودا لوبنانیان بەرەو ئەمریکای باشوور بەجێهێشتووە.

هاوکات نەعیم قاسم سکرتێری گشتیی حیزبوڵا لە وتارێکدا لە بەیروت، بە «بەردەوامی هێرشەکانی ئیسرائیل بە تەحەمول نەکراو» ناوبرد.

پێشتر جێنشینی حەسەن نەسروڵڵا، لە نامەیەکدا کە ئاراستەی نەبیل بێری هاوپەیمانەکەی و سەرۆکی پەرلەمانی لوبنان و سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، نەواف سەلامی کردبوو، جەختی لەسەر "مافی حیزبوڵا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل" کردبووەوە، بەڵام ڕۆژنامەی ئیسرائیل هیۆم دەنووسێت، پێناچێت حزبوڵڵا لە دۆخێکدا بێت کە بتوانێت ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرفراوان یان تەنانەت سنووردار لەگەڵ ئیسرائیلدا بکات، چونکە لەوانەیە ئەو دەستکەوتانەی کە خەریکە وەریدەگرێتەوە لەدەست بدات.

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ناکۆکی لەناو ڕیزەکانی حیزبوڵا سەریهەڵداوە سەبارەت بە ڕادە و جۆری وەڵامدانەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل.

هەندێک لە سەرچاوە لوبنانییەکان ناڕەزایی هێزە مەیدانییەکانی حیزبوڵڵایان لە "سیاسەتی دانبەخۆداگرتنی"ی سەرکردایەتی گرووپەکە ڕاگەیاندووە.

هاوکات لە ناوخۆدا ژمارەیەک لە سیاسەتمەدارانی لوبنان– لە نێویاندا سەرۆککۆمار– لە چەند هەفتەی ڕابردوودا داوای گفتوگۆیان لەگەڵ ئیسرائیل کردووە. ئەم هەڵوێستە ڕاستەوخۆ لەلایەن حزبوڵڵای لوبنانەوە دژایەتی کراوە.

ڕۆژنامەی ئیسرائیل هیۆم هەروەها دەنووسێت کە لە ڕوانگەی تاران تەنانەت سەرەڕای زیادبوونی چالاکیی هێزەکانی حوسییەکان لە یەمەن، ڕۆڵی حزبوڵڵا لە هاوکێشە ناوچەییەکان جێگرەوەی نییە.

ڕۆژنامەکە لە کۆتاییدا دەڵێت، ئیسرائیل و ئەمریکا خۆیان لە کردەوەی سەربازی و ئابووریدا سنووردار ناکەن بۆ لاوازکردنی نفوزی حیزبوڵا، بەڵکوو ستراتیژی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیشیان لەبەرچاو گرتووە.

هەوڵدان بۆ دروستکردنی تۆڕی خزمەتگوزاریی ئەڵتەرناتیف بۆ شیعەکانی لوبنان و کەمکردنەوەی پشتبەستنی ئابووری ئەم پێکهاتە بە حزبوڵڵا لە ڕیزی ئەو پێشنیارانەدایە کە لە ڕاپۆرتی ئیسرائیل هیۆمدا خراوەتەڕوو. هەڵبژاردنی پەرلەمانی لوبنان لە ساڵی ٢٠٢٦ دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ بۆ پێوانەکردنی بنکەی کۆمەڵایەتی حزبوڵڵا لەو وڵاتە.

# هەڵبژاردنی ئێراق و ئەگەرەکان






حەمەی حەکیمی

ئەم هەڵبژاردنە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران گرنگی تایبەتی هەیە و ئەمە دوایین سەنگەری بەرەی مقاوەمەتە و ڕژێم هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم دوایین سەنگەرەی بهێڵێتەوە دوای کوژرانی «قاسم سلێمانی»، ڕژێمی ئیسلامی ئێران هەموو هەوڵی خۆی خستوەتە گەڕ بۆ ئەوەی جارێکی تر بتوانێت دەسەڵاتی خۆی لە ئێراق پەرە پێبدات و بۆ ئەو مەبەستە «ئیسماعیل قائانی» وەک بەرپرسی هێزی قودسی ڕژێم داناوە و ئێستا لەم هەڵبژاردنەی ئێراقدا دەردەکەوێت کە ڕژێم تا چەنێک توانیویەتی ئەو کەلینە پڕ بکاتەوە، بەڵام خەڵکی ئێراق لە دەستێوەردانی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێراق زۆر ناڕازین و داوا دەکەن کە دەستی ئێران لە وڵاتەکەیان ببڕدرێت و چیدی ڕژێمی ئیسلامی نەتوانێ دەستێوەردان لەو وڵاتە بکات.

دوای هێرشی ٧ی ئۆکتوبری حەماس لە ساڵی ٢٠٢٣ی زایینی بۆ سەر ئیسرائیل، لاوازبوونی بەرەی مقاومە و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و کوژرانی دەیان فەرماندەی باڵای ڕژێم تا ڕادەیەکی زۆر هێزی نیزامی و بەرەی مقاومەتی لاواز کردوە و ئێستە لەم هەڵبژاردنەدا دەردەکەوێت کە ڕژێم تا چەنێک لاواز بوە و چیدی نە تەنیا سۆپای قودس بەڵکوو پوڵی نەوت و گازی ئێرانیش ناتوانێت فریای ئەو ڕژێمە بکەوێت.

لەلاێکی دیکەوە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە دوای ساڵی ٢٠٢٣ی زایینییەوە سەبارەت بە بەغداد گۆڕدراوە و ئەو وڵاتە دەستی کرد بە لێدانی سێبەری ڕژێمی ئیسلامی لە ئێراق. لەمناوەدا زیاتر لە سەد کارگە و کۆمپانی و کەسایەتی ئێراقی خستە ڕیزی گەمارۆکانەوە بە تایبەتی کارگەی «ئەلموهەندێس» کە سەر بە حەشدی شەعبی بوو و هەروەها دەیان بەرپرسی حەشدی شەعبیشی خستە ناو لیستی گەمارۆکانەوە.

بەرپرسانی ئەمریکا زۆر بە توندی هۆشداریان بە بەرپرسانی ئێراقیان داوە و وتوویانە کە حەشدی شەعبی بۆی نییە لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتن بە دەس بێنێت. هەرچەن دەوڵەتی ئێراق ئەو هەڕەشانەی زۆر بە جدی وەرنەگرتوە بەڵام وردە وردە دەوڵەتی ئێراق خەریکە دەستی حەشدی شەعبی لە زۆربەی بەرپرسایەتیبەکان کەم دەکاتەوە یا نایهێڵێت.

لەلایەکی دیکەوە بەرپرسانی ئێراق بە ئاشکرا باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا هەوڵ دەدات کە کاریگەری ئێران بگەێنێتە ئاستی سالی ٢٠١٢ی زایینی؛ واتە پێش ئەو کاتەی کە حەشدی شەعبی و بەرەی مقاومەی سەر بە کۆماری ئیسلامی ببنە بڕیاردەر و هێز لە ئێراق.

ئەمریکا هەوڵ دەدات کە کەسێکی نزیک لە خۆیان بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرێت، لە بەرانبەردا خامنەئیش داوای کردوە کە سەرۆک وەزیرانی ئێراق دەبێت لە چوارچێوەی هاوئاهەنگی شێعەکان بێت و ئەم کێشە ئێران و ئەمریکای لە ئێراق بەرانبەر یەکدا داناوە.

هەر چەن دۆخی ژئۆپولتیکی ناوچەکە زۆر گۆڕدراوە و ئێران ئەو دەسەڵاتەی کە پێش ٧ی ئۆکتوبر لە ناوچەکە بووی لە دەستی داوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات تا دوایین سەنگەری بەرەوی مقاومە لە ناوچەکە بپارێزێت و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق لە ١١ی نوامبر، دەیەوێت ئەوە بۆ خۆی مسۆگەر بکات و سەرۆک وەزیرانێک لە چوراچێوەی هاوئاهەنگی شێعە دابنرێت.

گرنگی ئەم هەڵبژاردنە بۆ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ پاراستن و درێژەدان بە کاریگەری ڕژێم لە ناوچەکە، چونکە ئێراق ئێستە دوایین سەنگەری کۆماری ئیسلامییە. شێعەکان لە ئێراقدا بەهێزن و دەتوانن کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبێت لەسەر ئەم هەڵبژاردنە و کۆماری ئیسلامی هەموو بەرگەکانی خۆی لەسەر ئەم هەڵبژاردنە لە ئێراق خەرج کردوە و هەرچەن ئێنشعابی ناوخۆیی ئەو هێزانە و گۆشارە دەرەکیەکان بە تایبەتی ئەمریکا زۆر بەهێزن و دەتوانن ئەم دۆخە بگۆڕن.

ئێستە ئێراق جارێکی دیکە لە بەردەم هەڵبژاردنێکی نوێدایە، ڕێژەی بەشداری لە ئێراق نەخشی گرنگی هەیە. بەشداری زۆر دەتوانێت دیالوگێکی نوێ لە ئێراق بەرهەم بێنێت، بەڵام بەشدارینەکردنی خەڵک پەیامێکی تایبەتی پێیە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێراق، بێ متمانەیی، گەندەڵی و بەکارهێنانی خراپی دەسەڵات و ئەگەر ڕێژەی بەشداریش زۆر بێت زۆر شت لەو وڵاتە ناگوردرێت، دەبێ سەرۆک وەزیران شێعە بێت، سەرۆک کۆمار بۆ کوردە و سەرۆکی پارلەمان بۆشێعەکانە ، ساڵەهایە وڵاتی ئێراق بەمشێوە بەرێوە چوە و ئەو سیاسەتە تا ئێستە شکەستی خواردوە. ئێستەکانێ ئێراق لە دەستی دەوڵتی سێبەردا، بارمتەیە، ئایا دەوڵەتی داهاتووی ئێراق دەتوانێت خۆی لەم تەنگەژانە دەرباز بکات؟

# ئەسپەکان لە سەرەولێژی یەکتر گاز دەگرن...

دواڕۆژ

«مەسعود پزشکیان» دەڵێت؛ خامنەیی کۆڵەکەی وڵاتە و لە شەڕی دوانزە ڕۆژە، مەترسی ئەوە لە ئارادا بوو ئەگەر خامنەیی شتێکی لێبهاتبایەت شەڕی ناوخۆ یا کێشمەکێشی نێو باڵەکانی ڕژێم دروست دەبوو. ئەم وتانە جێگەی تێڕامان و نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆدا تووشی کێشە و قەیرانی جدییە. «پزشکیان» لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مان و هەبوونی خامنەیی بۆ نەهێشتنی ناکۆکی نێوان باڵەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر گرنگە و ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کردوە کە لە شەڕی ١٢ ڕۆژە بە لێدانی خامنەیی لەلایەن ئیسرائیلەوە، ئەگەری شەڕی ناوخۆ زۆر بوو.

لە درێژەی وتەکانیدا پزشکیان وتیشی ئێمە هێشتا فێری شێوەی گفتگۆ کردن لەگەڵ یەکتر نەبووین، زۆر بە ئاسانی هێرش دەکەینە سەر یەک و کەرامەتی تاک دەڕوخێنین، بەڵام ئەوەی گرنگە لای ئێمە کەسێک هەیە لە ئاکامدا پێمان بڵێت کە چی بکەین یا چی نەکەین.

لە ڕاستییدا خامنەیی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ڕاگرتن و پاراستنی ڕژێم لە تاران و نەبوون یا نەمانی بە هەر شێوەیەک کارەساتێکی گەورە بۆ ئەم ڕژێمە دەخولقێنێت، هەرچەن مەرگی خامنەیی بە مانای نەمان یا ڕووخانی ئەو ڕژیمە نییە و نابێ وا بیر بکەینەوە بە نەمانی خامنەیی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێدێت، بەڵام مردنی خامنەیی دەتوانێ ببێتە هۆی ڕاپەڕینی جەماوەریی و داڕمانی خێراتری ڕژیم، مەرگی خامنەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەقەڵەکانی ناو ڕژیم بکەونە گیانی یەک و لەو ناوەدا ئەگەری زۆرە سپا و ئەرتەش لە بەرانبەر یەک بوەستن و شەڕێکی خوێناوی لە نێوانیدا دروست ببێت.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی ئیسلامی ئێران و بەیتی ڕێبەری لە ماوەی ٤٧ ساڵ لە دەسەڵاتی نگریسی خۆیدا ژێرخانی ئابووری ئێرانیان بە گشتی لە ناو بردووە و ڕووخاندویەتی. بە هەزاران کەس لە خەڵکی ئێرانیان بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتووە و لە وەها دۆخێکدا کە خەڵکی ئێران نان و ئاویان نییە ڕژێم زیاتر لە یەک میلیارد دۆلار یارمەتی حزبوڵڵای لوبنانیان داوە، ئەمە جێگە لە سەرکوت و ئەشکەنجە و ئێعدامی ئازادیخوازانە؛ هەر بۆیە خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران دەیانەوێ ئەو ڕژیمە بە گشتی نەمێنێت و داوای نەمانی ڕژیمی ئیسلامی بە هەموو تان و پۆکانیەوە لە ئێران دەکەن.

ئەو وتانەی «مەسعود پزشکیان» نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆیدا توشی کێشەی جدی بۆ جێنشینی خامنەییە. ئەمە کاتێ بە جوانی دەرکەوت کە فیلمی زەماوەندی کچی «شەمخانی» بڵاو کرایەوە و پیشانیدا کە کێشەکان لە ناو کۆماری ئیسلامی جدیین و دەیانەوێ یەک سەرکوت و بێدەنگ بکەن و لە وازهێنانی «شەمخانی» یا وەلانانی، باڵەکەی تری نێو دەسەڵات بەهێز دەبێت و شەڕی چەقەڵەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لە ئێران دەستی پێکردووە. لێرەدا ئەو پرسیارەش دێتە ئاراوە کە ئایا باڵەکانی ڕژێم کودتا دەکەن دژی خامنەیی؟ دۆخی ناوخۆی باڵەکانی ڕژێم چوەتە قۆناغێکی دیکەوە و هەموو ئەگەرێک لە ئارادایە، لەلایکی دیکەوە کێشەیەکی جدی دیکە کە بەرۆکی بەرپرسانی ڕژێمی گرتووە قەیرانی ئاو و کارەبایە و ئەوەش ڕژیمی توشی کێشەی جدیی کردوەتەوە و بەرپرسانی باڵای ڕژیم یەک لە دوای یەک لێدوانی جیاواز دەدەن، لە حاڵێکا بەرپرسانی ڕژیم ناتوانن کێشەی ئاو و کارەبا چارەسەر بکەن، ڕژیم دە میلیاردها دۆلار پولی خەڵک دەنێرێت بۆ گرۆپە نیابەتیەکانی لە ناوچە و تەنها بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی ئێراق سەدان هەزار دۆلار خەرج کردووە و هەموو سەدەکانی ئێران یا وشک بون یا خەریکە وشک دەبن و ئەمەش کارەساتێکی گەورە لە ئێران دەخولقێنێت.

لە لایەکی دیکە کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانی جدییە لەگەڵ ڕۆژئاوا و ڕۆژانە ئەمریکا سزای قورس بە سەر بەرپرسان و دامودەزگاکانی ڕژیمدا دەسەپێنێت و بۆ ئەم مەبەستەش «پزشکیان» دەڵێت بڕیار نییە هەر شتێکتان ویست بە سەر ئێمەدا بیسەپێنن و ئێمە گوێڕایەڵ بین. بەشێک لە بەرپرسانی ڕژیم باس لە دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا دەکەن و بەشێکی دیکەش وەک بنەماخوازەکان کە ئێستە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتیان لە ئێران بە دەستەوەیە دژی ئەوەن و دەڵێن ئێمە باج نادەین و واز لە پیتاندنی ئۆرانیوم و بەرنامەی موشەکی و درۆنی خۆمان ناهێنین و هەر لە سیاسەتی دەرەوەی ڕژیمیش ئەوە بە جوانی دەردەکەوێت کە کێشەی ناو باڵەکانی ڕژیم تا چ ئاستێک زۆرە و تەنانەت لە سیاسەتی دەرەوەش یەک دەنگ نین، بەڵام کۆتا قسە، خامنەیی دەیبڕێتەوە و هەموو کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ خامنەیی

DwaRoj

12 ژماره (١٣٨) ساڵی دەیەم، ٢٠٢٥/١١/١٧
dwaroj.net

Dwaroj@komala.com

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj.net

# وەفاداران

## یادێک لە گیانبەختکردوانی کۆمەڵە لە گوردانی ٢٢ی ورمێ




گەر بڕوانینە کاروانی قەدبڕی شاخی ستەم،کاروانی هاوڕێیانی گیانبەختکردوومان دەبینین زنجیرە گوڵە سوورێکی ئاڵو ووالآیە درێژ درێژ تا چاو هەتەردەکا پێچاوپێچی مێژوومانی تەنیوەو بۆن وبەرامەیپڕ بە بریق وباقەکانی موژدەدەری چۆمێکی بەختەوەریە کە دەشتی کاکی بە کاکی وتینوو پڕ لە خوازیاری هەژاران و بێبەشان،بە ئاوازی پڕئاهەنگی لێواو لێو دەکاوسروشتی ژاکاویان بە پریاسکەی پڕ لە تۆویدارستان موژدە باران دەکا. ئەمە کاروانێکی ڕێگا ئەستەمە، هەگبەیەکی پڕ لە هەموومێژووی خەمە. ڕێی کردوەو دەیهەوێ دیسان ڕێبکات. خەم و ئازارەکانی کردوە بە مشغەڵو دەیهەوێ دیسان مەشغەڵی دیکەیان لێ ساز بکات.

حەزێکی سەرکەشەو شەبەنگە ترسەنۆکەکان لێی دەتارێن. کاتێک بۆنی هەناسەی دەکەی ئاوازێک لە گیاندا چەکەرە دەکات کە بۆچڕینی حەز دەکەی هەموو دونیا کورت بێت و

یەکدەنگ وشە مەستەکانی دەرونت بە گوێی بووندا بهەژێنێت. لەهەر لایەکەوە سەیری دەکەیت قەڵایەکە سەخت سەخت زروماهێکەرێنەدەرو سەرکەش، و خۆرەتاوێکی بەرز بەرز کە هەمیشە ڕێ روونکەرە .ئەمە کاروانی گیانبەختکردوومانە، کاروانی گیانبەختکردوانی کۆمەڵە و ئاڵاسوورەکەی .ئەوانەی وا دڵیان بروسکەیەک بوو بۆ ڕێدەرکردنی ئامانجەکانیان. ئەوانەی وا لە شەوی پڕ سامی دیکتاتۆریدا ئاسۆی بە بریچکەو شەکاوەی ڕاپەرین بوون و لەدژوارترین بارودۆخی تۆقێنەردا، هاوارێک بە بەرزی بروای بێ باکانەیان. زرمەی هەنگاوی کۆڵنەدەرانەیان گوێی ئەم مێژووە پڕ

لە چەوسانەوەیەی ئاخنی وەو ئیرادەی یەکگرتوانەی هێزو دەسەڵاتێکی نوێ و ئینسانیان بە گژ دادەکات.

ئەمە ئیرادەی پێشمەرگەی کۆمەڵەیە، ئیرادەی ئەو کۆڵنەدەرانەیە کە بۆ ئازادی و یەکسانی سینگیان بە سینگی شەوەوە نا.

قەڵافەتی پۆڵایین و دڵی بە جۆش و خرۆشیان هەتا ئەو پەڕی سنورەکانی فیداکاری و سیمای یەکریزی خەباتی چەکدارانەی بەشمەینەتانسەنگەری جەڵادەکانی مرۆڤ، سیمای یەکریزی خەباتی چەکدارانەی بەشمەینەتانبوون.تەشکیلاتی نهێنی بوون لە جەرگەی ستەمداو لە نێو زۆرلێکراواندا بڵاوکراوەی هیواو ئۆمێد و ئاسۆی روونی خەباتیان بەسنگی شەوەزەنگدا دەدا.

ئەوان هەوێنی هێزی لەبن نەهاتووی زەحمەتکێشان بوون.

گیانبەختکردوانی کۆمەڵە خۆشەویستن. بەڵێ خۆشەویستن و قەد لەبیر ناچنەوە. لەبەر ئەوەی لە ڕێگایەکدا گیانیان بەختکردووە کە خۆی خۆشەویست و پیرۆزە. ئەم ڕێگایەش ڕێگای ڕزگاری غەڵکی هەژارو بەش مەینەتی کوردستانە لە چنگ زوڵم و زۆری شەمشەمەکوێرەکانی کۆمار ئیسلامیی کە بە زۆری چەک بەسەریدا سەپاندوون.

گیانبەختکردوانی کۆمەڵە قەد نامرن،قەت نامرن ئاخر ئەوان ئەستێرەی چوارگۆشەی گەشاوەی هەموو کوردستانن.

# دواستون

## ژانی هاوبەش، دەخوازێ هاواری هاوبەشی هەبێ...!

ناوخۆ لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی جیددی و دژوار و چارەهەڵنەگر بەرەوڕووە. کۆماری ئیسلامیی تا دێ لە ناوخۆی وڵات زیاتر ریسوا دەبێ و لە دەروەش دۆڕاوتر لە جاران. ڕۆژ بەرۆژ کێشەوگرفتە ناوخۆیەکان پەرەدەستێن و و گرفتە دەرەکیەکانیش ئەوپەڕی قورسایی خۆیان نیشان دەدەن. لاواز بوون لە دەسەڵات و ناهۆمێد بوون بە چارەسەر کردن، کۆماری ئیسلامیی بەکردەوە بەرەو لێواری بەربوونەوە پاڵ پێوەناوە. خامنەیی هەموو هەوڵی خۆی چڕ کردۆتەوە تا پشیلە ئاسا سیاسەتی چرنۆک وەشاندن بکاتە پیشە. لە دەرەوەی سنورەکان خۆی و هاوپەیمانە تێرۆریستەکانی کەوتونەتە بەر زەبر و پەلامار. سەنگەر بە سەنگەر لێاندەدرێ و بە سەختی دەکەونە بەر پەلامار. خامنەیی تەنیا هەڕەشەوگوڕەشەی بۆ ماوەتەوە و بە هەڕەشە کردن دەیهەوێ قەرەبوی شکستەکانی بکاتەوە. لە ناوەوەش ناڕەزایەتی گشتیی بێداد دەکا و خەڵک هەم بە دەست سیاسەتی شەڕخوازانەی خامنەیی و هەم لەبەر بێ ئەنوایی ئابوری لە ژیان جاڕز بوون و چاوەڕوان دەکرێ شەپۆلی تورەیی و ناڕەزایی سەرکێشتر لە جاران سەرهەڵبداتەوە و ئەمجار تەخت و بەختیان بکاتە ئامانج. کوردستانی پێشەنگ و بزووتنەوەکەی و کۆماری ئیسلامیی مێژوێکی پڕاوپڕ لە ناکۆکییان پێکەوە هەیە. ئەو ڕەوتەی کە دەستی بەسەر شۆڕشی ئێراندا گرت و هێرشی کردە سەر کوردستان بۆ هەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی شۆڕش، لە لایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستانەوە بە "نا"و بە "چەک" وەڵامی پێدرایەوە. لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوو جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان "شەقامیان" کردۆتە بەرچاوترین و شکۆدارترین بوارەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی. شەقام بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان ساحەی گۆڕانکاری لە خوارەوە و هیوا بە داهاتوییەکی باشترە بۆ لە گۆڕانی سیستمی قێزەونی دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامییە. بە درێژایی مێژوو شەقام و دەنگی شەقام بەردەوام قەڵغانی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو بەرەی زەحمتکێش و چەوسێنەر بووە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی لەبەرانبەر شەقامی بە هێزی کوردیدا هەموو چەشنە چەک، سەرکوت و جینایەتێکی بەکار هێناوە و کوردستانیش هەموو هونەرەکانی بەرخۆدان، ڕاوەستاوی و ئازایەتی لە خۆی نواندوە و بۆتە مەکۆی سیکۆلاریسم، پێشکەوتویی، خەباتی مەدەنی، کاری هاوبەش و پێکەوەیی. ڕژێم باش لەو پاشخانەی نێوانی لەگەڵ کوردستان تێگەیشتووەو، بۆیە لە هەموو تەمەنی نگریسیدا هەر هەڵچونێکی ناڕەزایەتی و شۆڕشگێڕانە لە ئێران سەری هەڵدابێ یان مەترسییەک بۆ ڕژێم هاتبێتە پێش، یەکەم هێرشی بۆ سەرکوتی کوردستان بووە. چونکوو کوردستان خاوەنی شێواز و ئاڵترناتیوی دێمۆکراتیک و بە پێشەنگی خەبات بۆ مافی نەتەوەیی دەناسرێ. زۆرترین سێدارەکان لە کوردستانن، زۆرترین تەقەی سەر سنورەکانی سینگی کۆڵبەرانی کورد دەپێکێ، زیندانەکان پڕن لە شۆڕشگێڕانی کورد. هەڵاواردنی ئابوری و بێگەشە ڕاگرتنی ئەو مەڵبەندە، میلیتاریزمی شار و دێ و ڕاوەدونان و گرتنی ئەو دواییانەی دەیان چالاکوانی مەدەنی لە شارەکانی کوردستان ئاماژەن بۆ تەنگاوبوونی رژێم و قورسایی کوردستان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا. قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامیی رۆژ لەگەڵ ڕۆژ کەڵەکە دەبن و کاربەدستان زەلیل و دەستەوەستان داماون و ناتوانن بۆ هیچکام لە قەیرانەکان و ئاستەنگەکانیان ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە، هەر بۆیە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە سەرپۆش دەخەنە سەر کێشەکان. لە ناوخۆ هەول ئەدەن کێشەکان لە بەر چاوی کۆمەڵگا دوور بخەنەوە و حاشای لێبکەن و بە جۆرێک لە جۆرەکان ئینکاری بکەن، یان خۆ بە زۆری سەرکوت و جەنایەت و هەڕەشە و گوڕەشەی لە سێدارەدان و داسپاندنی هەژاری و بێدەرەتانییێکی بێ وێنە قەیرانەکان تێپەڕێنن. لە دەرەوەش کۆماری ئیسلامیی هەر ڕۆژێک قەیرانێکی بۆ درووست دەبێ، تووشی گەمارۆی دیپلوماسی بووە و وڵاتان خستویانەتە لاوەوە. کۆماری ئیسلامیی رۆژ لە گەڵ رۆژ زۆرتر قەوارە و هێز و توانایی و کارایی خۆی وەک دەوڵەت و دەسەڵاتێکی خۆداسەپێنەر لەدەستدات. مەیدانەکانی مانۆڕی دیپلوماسی رژێم تا هاتووە بەرتەسکتر بۆتەوە. کۆماری ئیسلامیی هەر لە سەرەتاوە بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی و بە هەڵخراندنی دوژمنایەتی مەزهەبی ویستی گوشار بخاتە سەر وڵاتانی ناوچەکە. لە ئورووپاش بە هەناردەکردنی تێرۆریسمی دەوڵەتی بە تەمای وەرگرتنی ئیمتیاز بوو کە بۆ ساڵانێک بە سیاستی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپا مەودای پەیدا کرد. لە دە ساڵی ڕابردووش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کێشەی زلهێزەکان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە توانی مەیدانێکی مانۆڕی گەورە بۆ خۆی دەستەبەر بکات بەڵام هەر ئەم مەیدانە مانۆڕە گەورە بۆتە خاڵی لاوازی و ناتوانی خۆیی لێدەرباز بکات. کۆماری ئیسلامیی تا دێ ریسوایی و نەهامەتی زۆرتر ڕوی تێدەکات و گرێپوچکەکانی ئابوری، پێوەندی دەرەکی، قەیرانی ناوخۆیی و دارمانی سەنعەت و سامانی لێ ئاڵۆزتر دەبێ.

سیاسەتی چنگ و ددان دەرخستن چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە، نەک هەر نەجاتی نادات، بەڵکوو لەگەڵ تەنگژەی زۆرتر بەرەوڕوی دەکات. بۆیە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئێستادا دەرفەت و هەلی گرینگی لەپێشە و ئەرکی سەرشانمانە بە باشی و وشیاری کەڵکی لێوەرگرین. پێک هێنانی دۆخێک بۆ زاڵ کردنی یەک گوتاریی لەناو بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستاندا ، ئەرکی سەر شانی هەموو تێکۆشەرانی ئەورۆی خەباتی کوردستانە بە دژی کۆماری ئیسلامیی. ئەگەر بمانهەوێ یەک گوتاری لە گشت کوردستاندا ببێتە وتارێکی زاڵ و هێژمۆنیک، هێزە بابەتی و ماددییەکەی لە شەقامی کوردستانە و شەقام خوازیاری یەکییەتی و هاودەنگی هێزەسیاسییەکانن. گۆڕینی هاوسەنگیی هێزی جەماوەر بە قازانجی بەرەی شۆرش، لە ورە و خەبات و هێزی جەماوەری ناڕازی کوردستاندایە. پێویستە دەرفەتەکان بقۆزینەوە و دەستی ئاشتی بەرەو کۆمەڵگای خۆمان ڕاکێشین و پێویستە شەقام زیندووتر و پڕگوڕوتین تڕابگرین و لەگەڵ جەماوەری خۆمان سەنگەرەکانی شۆڕش ئاوەدانتر کەینەوە □